# ئاسۆی کتێبخانە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی تایبەتمەندە بەزانستی کتێبخانەو زانیارییەکان

کتێبخانەی گشتیی سلێمانی دەریدەکات AK ژمارە(١) ٢٠٠٩/١٠/١٣


## دەیان هەزار کەس هامشۆی (کتێبخانەکانی سلێمانی)یان کردووە



کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

بەپێی ئامارەکانی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ،دەیان هەزار کەس سەردانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانیو لقەکانیان کردووە، خاتوو خۆشی عەبدوڵڵا لێپرسراوی (ئامار) لەبەڕێوەبەرێتی ناوبراو رایگەیاند: ١٦٨٣١ لەرەگەزی نێرو ١٠٤٨٩ لەرەگەزی مێ هامشۆی (کتێبخانەی سلێمانی)یان کردوە،جۆری سەرچاوەی داواکراویش(١٠١٠٩ کوردی، ٣٣٩٢عەرەبی، ٦٧٢ ئینگلیزی و٥٤٨ فارسی)بوون.
هەروەها ١٥١٦٢ کەس لەرەگەزی نێرو ١٠٢٤٠ کەس لەرەگەزی مێ هامشۆی کتێبخانەی شارۆچکەکانیان کردوەکەبریتین لە(١٨) کتێبخانە.جۆری سەرچاوەی داواکراویش(٢١٩٠٣ کوردی، ١٠٨٦ عەرەبی، ٤٥ ئینگلیزیو ٤٤ فارسی) بوون.

## ئاسۆیەك بۆ کتێبخانەی کوردی

ڕێکەوتێکی یەکجار جوانە، لەگەڵ تێپەڕبوونی ٦٥ ساڵی تەواو بەسەر دامەزراندنی کتێبخانەی دێرینی "گشتیی سلێمانی"دا، لەم ماڵە ئاوەدان و پڕ لە سەرچاوە و چالاکییەدا، ئەمڕۆ بۆ یەکەمین جار لە کوردستاندا، بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەندی مانگانە لە فۆرمی ڕۆژنامەدا تایبەت بەزانستەکانی کتێبخانە و زانیارییەکان دەخەینە بەر دەستو بەرچاوی سەرجەم کارمەندانی کتێبخانەکانی کوردستان.

ڕۆژی ١٩٤٤/١٠/١٣ بە کۆششی مەزنە شاعیر و ڕۆژنامەوان و روناکبیری کورد (پیرەمێرد)ی نەمر، بۆ یەکەمجار دەرگای کتێبخانەی گشتیی لەم شارەدا لەڕووی کوڕ و کاڵی کورد واڵا کراوە.

وا ئەمڕۆیش شتێکی دیکە دەخەینە سەر خەرمانی بە بەرەکەتی کتێبخانە و بەم بڵاوکراوە تایبەتمەندە، پلانێکی دیکە بۆ بەدیهێنانی خەون و ئاواتمان دادەڕێژین و بە هیوایین بتوانین درێژە بەم هەنگاوە بدەین.

لەسەرەتاشەوە، سوپاسی گەرممان بۆ دۆستو خەمخۆری هەمیشەیی کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان بەڕێز دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح، کەهەمیشە ئاوڕ لەکتێبخانەکان دەداتەوەو بودجەی ئەم بڵاوکراوەیەشی خستە سەر بەڕێزی.

سوپاسی زۆریش، بۆ خوشك و برا هاوکارەکانم کە دڵسۆزانە کارەکانیان ڕاییکرد، بۆئەو هاوڕێیانەش کە لە دەرەوەی کتێبخانە بەدەنگ داوامانەوە هاتنو بەنووسینی بەپێزیان بڵاوکراوەکەیان دەوڵەمەند کرد.

بەهیوایین (ئاسۆی کتێبخانە) ئاسۆیەکی گەش بێت بۆ هەر خاوەن مەبەستێك کە گرنگیی ڕۆڵی کتێبخانەکانی لەلا بێتو چاوەڕێی بەشداریی پسپۆڕانو نووسەرانی ئەم بوارەین، تاکو بتوانین پێکەوە زانستی کتێبخانەکان بەرەو پێشەوە بەرینو بەڕێوەبردنی کتێبخانە گشتییەکان بخەینە هەلومەرجی زانستیو گونجاوەوە.

بەتایبەتیش کەئەمڕۆ لەکوردستاندا دووبەشی زانستی کتێبخانەکان لەهەردوو پەیمانگای تەکنیکیی هەولێرو سلێمانی هەنو دوو ڕێکخراوی تایبەتیش لەکوردستاندا هەن، ئەوانیش کۆمەڵەی کتێبخانەو زانیارییەکانو کۆمەڵەی کارمەندانی کتێبخانەکانی کوردستانن.

دیسانەوە، بوونی ئەو هەموو کتێبخانە گشتییە لەشارەکانی کوردستاندا کەلەلایەن بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی سەر بەوەزارەتی رۆشنبیریو کتێبخانەی فەرمیو زانکۆییو پەیمانگاکان هەلومەرجێکیان هێناوەتە ئارا کە کادری کتێبخانەکان پێویستیان بەزانیاریی تیۆریو پراکتیکی بێت بۆ پێشخستنی کاروباری رۆژانەی خۆیان.

بەهیوایین (ئاسۆی کتێبخانە) ئاسۆیەکی گەش بێت بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجو خۆزگانە.

سەرنووسەر

## لەکتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکیدا چاپکراوەکان بە ٤٦٠ زمانن



کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی

ئەم کتێبخانەیە ساڵی ١٨٠٠ بەپێی مەرسومێکی فەرمی کۆنگرێسی ئەمریکی لەواشنتۆن دامەزراوە،ئەویش لەسەردەمی حوکمڕانی سەرۆك (جۆن ئادمێز) دابووە.
سەرەتا مەبەست لە دامەزراندنی ئەوە بووە کەکتێبخانەکەتەنها تەرخان بێ بۆ کۆنگرێس، هەربۆیە کۆنگرێس بڕی (٥) هەزار دۆلاری بۆ دابینکردوەو جێگاکەی تاساڵی ١٨١٤ لە نێو کۆنگرێسدا ماوەتەوە، بەڵام کاتێ داگیر کارە بەریتانیاکان ئاگر بارانی پایتەختیان کردوە ئەو کتێبخانەبچووکە سووتاوە، لەماوەی چەندمانگێکی کەمداسەرۆکی خانەنشین (تۆماس جیفرسۆن) پارەی قەرەبووکردنەوەی کتێبخانەکەی دابینکردوە و کتێبخانەیەکی نوێ دامەزراوەتەوەو سامانی کۆکراوەی پەنجا ساڵ لەوەوبەری چاپەمەنییەکانی بۆ دانراوەو هەرچۆن بڕی ٢٣,٩٥٠ دۆلاری بۆ دانراوەو کۆی کتێبەکانی لە ساڵی ١٨١٥ داگەیشتووە تە٦٤٨٧ کتێب وبریتی بوون لە سەرچاوەکانی زانیاری و زانست و مێژوو و فەلسەفە.
لەوساڵەدا دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتمانیی راگەێنراوە، لەساڵانی نێوان ١٨٦٤ تاکۆتایی شەڕی ناوخۆ کەلەساڵی١٨٩٧ دابوو (ئینسویەت راندسبافۆرد) بووەتە لێپرسراوی یەکەمی کتێبخانەکەوڕۆڵێکی گەورەی دیوە بۆ دامەزراندن و پێشخستنی کتێبخانەکە و جەختی لەسەر نووسەرەکان کردوەتەوە کە هەریەکە ودوودانە لەچاپکراوەکانیان......ل٢



## هەزاران کتێب دەخاتە سەرمۆبایل

کۆمپانیای گۆگڵ رایگەیاند، ئەوکتێبانەی لەوەوبەر بە خۆڕایی لە ئامێری کۆمپیوتەرەوە دەبینران، ئێستا خراونەتە نێو ئامێری مۆبایلی وەك ئایفۆن و 1،T.mobil،ئەمەش لە هەنگاوێکدا بۆ فەراهەمکردنی کتێبی نێو پەیوەندییە ئەلکترونییەکان.
هاوکات ((گوگڵ)) بڕێکی زۆر لە کتێبی ئەلکترۆنی ئامادەکردووە بۆ خوێنەران و ئێستا ٢٣٠ هەزار ناونیشانی نیشانداوە.
هەرچۆن ماڵپەڕی (ئەمازۆن) ئاشکرایکرد کە کاردەکات بۆ ئامادەکردنی کتێبە بە ناوبانگەکان بۆ خوێنەر ولە ئێستادا بە تەنیا ناونیشانی کتێبەکان دەخاتە روو.

الشرق الأوسط

## یاداشتنامەیەکی هاوکاریی لەگەڵ کتێبخانەی کوردیی ستۆکهۆڵمدا



خوێنەرێك لەکتێبخانەی کوردیی ستۆکهۆڵم

لەدرێژەی ئیمزاکردنی یاداشتنامەی هاوکاری کردن لە نێوان هەردوو کتێبخانەی (کوردیی لە ستۆکهۆڵم و گشتیی سلێمانی) لە مارتی ٢٠٠٩ دا، هەردوولا سەرقاڵی پەیدا کردنی چاپەمەنیی کوردیی نوێن تا بۆ یەکتری رەوانە بکەن. لە ل/٦ دا ریپۆرتاژێك لەسەر کتێبخانەی کوردیی ستۆکهۆڵم دەخوێنیتەوە تیایدا درێژەی یاداشنامەکە خراوەتە روو.

## بەخشینی کتێبی منداڵان لە نەخۆشخانەی شێرپەنجە

بەخشینی کتێب ئامانجی ئەو دیدەنییەبوو کە لەنێوان نەخۆشخانەی شێرپەنجەی منداڵان لەقاهیرەو کتێبخانەی(عومەر بووك) ئەنجامدرا.
سەرچاوەیەکی بەرپرس لە پەیوەندییە گشتییەکانی نەخۆشخانەکە ئەوەی پشتراستکردەوە:
کەئەنجامی دیدەنییەکە لەماوەیەکی نزیکدا دیاریدەکرێت لەپێناو دامەزراندنی کتێبخانەیەك بۆ منداڵان، کە کتێبو چیرۆکی منداڵان تا تەمەنی (١٥) ساڵ لەخۆبگرێ.
لایەنە بەشدارەکان لەبانگهێشتکردنەکەیاندا داوایان لە زۆر کتێبخانەو دەزگاکانی بڵاوکردنەوە کردووە بە کتێبو بڵاوکراوەکانیان لەو کتێبخانەیەدا بەشداری بکەن.
بیرۆکەکە ئەوەشی لەخۆگرتووە کە کتێبخانەکە وێنەی پورترێتو کاریکاتێر بخرێنەڕوو کەخۆشیی بخەنە دڵی منداڵانەوە.

اليوم السابع

## پەیوەندیی نێوان کامۆو سارتەر لە کتێبێکی نوێدا

نقام ماردینی لە رۆژنامەی (المستقبل) ی لوبنانی دا دەڵێت ((بزافی روناکبیران لە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا بە هزری ململانێی هزری خۆرئاوایی تازە گەرەوە دەرکەوتووە کە لە نێوان هەر دوو لوتکەی: هزری لیبراڵی دیموکراسی و هزرای رادیکاڵی دەرکەوتووەکە لە مارکسیزمدا رەنگیداوەتەوە، ئەم ململانێیە لە دوای









دووەمینی جەنگی جیهانەوە بە شێوەیەکی تیۆری خۆی نواندوە، لەو سەروبەندەدا دوو تیۆرمەندی مەزن دەرکەوتوون کەکاریگەرییان لەسەر روناکبیرانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا هەبووەو تا ئەمڕۆ مشتومڕ لەسەر هەردوو داهێنەری ناوبراو بەردەوامە، تەوەری مشتومڕەکانیش بریتییە لە مرۆڤ و مەسەلەکانی ئازادی و سۆشیالیزمە، هەرچۆن کامۆ و سارتەر گوزارشتیان لێ کردووە .

# سەرەبابەت.. گرنگیی بۆ کتێبخانەو خوێنەران و چۆنییەتی ئامادەکردنی

شێرزاد سەعید محەمەد*

ئاشکرایە کە بواری کتێبخانەو زانیارییەکان بوارێکی زۆر فراوانەوبەردەوام لەگەشەکردندایە ، وەشان بەشانی گەشەسەندنی تەکنەلوجیا لەبوارەکانی تری ژیاندا، ئەم گەشەسەندنەش بورای کتێبخانەکانی گرتووەتەوە، بەڵام بەداخەوە هێشتا لەکوردستاندا بواری کتێبخانەکان لە ئاستێکدایە کە پێویستی بەشۆڕشێك و خۆ ماندووکردنێکی زۆری خەمخۆرانی کتێبخانەو ڕۆشنبیران و کارمەندانی کتێبخانەکانە . بگرە لەسەروو هەموویانەوە ئەرکی حکومەتە ، بەتایبەتی وەزارەتەکانی خوێندنی باڵاو پەروەردەو ڕۆشنبیری کە ڕاستەوخۆ پەیوەندنی بەردەوامیان بە کتێبخانەکانەوە هەیە (چی وەك ئەوەی ئەو وەزارەتانە چەندەها کتێبخانەیان لە ئەستۆدایە ، چی وەك ئەوەی بەبەردەوامی پێویستیان بە کتێبخانە هەیە ) ، کەلەبەرنامەو پلانەکانیاندا گرنگی زیاتر بەم بوارە بدەن : لەڕووی بیناوە ، لەڕووی دابین کردنی کارمەندی پسپۆڕ، دابین کردنی تەکنەلوجیای زانیارییەکان ، سەرچاوە ...هتد .

ئێمەش وەك مامۆستاو پسپۆڕی ئەم بوارە ئەرکمانە لەڕێگای وتنەوەی وانەو نووسین و وەرگێڕان و کردنەوەی خولەوە ، خزمەت بەم بوارە بکەین ، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە ئەمجارە بە پێویستم زانی کە ئەم بابەتە ئامادەبکەم لەسەر ( سەرەبابەت ) ، کە لەبواری کتێبخانەکاندا زۆر گرنگە ، چی بۆ خوێنەران و لێکۆڵەروان چی بۆ کارمەندانی کتێبخانە . کە بەداخەوە کتێبخانەی کوردی لەم جۆرە سەرچاوانەدا زۆر زۆر هەژارە .

### بابەت – الموضوع- subject

بیرۆکەیەك یاخود چەند بیرۆکەیەکە کە لە ناو سەرچاوەیەکدا باس و لێکۆڵینەوەی لەسەرکرابێت ، ئەو بیرۆکەیە لە ناونیشانی سەرچاوەکەدا ئاماژەی پێ کرابێت یاخوود پێی نەکرابێت .

### سەرەبابەت -راس الموضوع
### subject heading

زاراوەیەکە یاخود کۆمەڵێك زاراوە کە باس لە بابەتی سەرچاوەکە دەکات کە لە ناو کتێبخانەیەکی دیاریکراودا هەبێت ، وە لە کاتی پێرست کردنی سەرچاوەکاندا گرنگی پێ دەدرێت و بەرەنگی (سوور) لەبەشی سەرەوەی کارتی پێرست دەنوسرێت ، لە سەر دووری دووەم و دێڕی سێیەم ، یاخوود بە پیتی گەورە بۆ ئەوەی جیا بکرێتەوە لە ناونیشان ، ناوی نووسەر و زنجیرە.

### سوودەکانی سەرەبابەت

١ـ دەبێتە هۆکارێك بۆ کۆکردنەوەی هەموو بابەتەکانی کتێبخانە لە هەموو لایەکەوە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ گەیشتنی خوێنەر بەو بابەتانەی کە مەبەستێتی .

٢ـ هۆکارێکە بۆ زانینی ئەو بابەتانەی کە لە کتێبخانەدا هەن.

٣ـ لە ڕێگایەوە دەتوانین کاری بیبیلۆگرافی سەرکەوتوو ئەنجام بدەین .

٤ـ یارمەتی دەرە بۆ تەواو کردنی کارتی پێرست کردن، بەهۆی زیاتر شیکردنەوەی بابەتەکان بۆ بابەتیتر .

٥ـ یارمەتی دەرە لە کاری هەڵبژاردنی سەرچاوەکانی کتێبخانە.

### لیستی سەرەبابەت – قائمة رؤوس المواضع
### list of subject headings

کارێکی پێویستە کە هەموو کتێبخانەیەك لیستی ئامادەکراوی هەبێت بۆ کاری دۆزینەوەی سەرەبابەت ئەویش لەبەر ئەم هۆیانە :–

١_ پشت بەستن پێی وەك سەرچاوەیەك لە کاتی پێرستی بابەتیدا .

٢– دەبێت بابەتەکان بەپێی پیتی (هجائی) ڕیزبەند کرا بێت بۆ ئاسانی دۆزینەوەی بابەتەکان .

٣– زیادکردنی هەر سەرەبابەتێکی تازە کە لەوەو بەر نەبووبێت لە ناو لیستەکەدا، بەمەرجێك بەشێوەی (هجائی) بێت .

٤– تێبینی تێدا بێت بۆ بەکارهێنانی ئەو زاراوانەی کە زۆر باوون، بەکارهێنانی ڕێگا نیشاندەر (الإحالات) بۆ گواستنەوەی پێڕست کار لەو وشەیەی کە بەکارنەهاتووە لەلیستەکەدا بۆ ئەو وشەیەی کە بەکارهاتووە .

*نموونەی لیستی سەرەبابەت بەزمانی عەرەبی (قائمة رؤوس الموضوعات لإبراهيم الخازندار ) .

* نموونەی لیستی سەرەبابەت بەزمانی ئینگلیزی (سیرز).

تێبینی: بەداخەوە تاوەکو ئێستا ئەو لیستە بە زمانی کوردی ئامادەنەکراوە.

### هەندێ هۆکار بۆ هەڵبژاردنی سەرەبابەت

١ـ خوێنەر: دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی لە هەڵبژاردنی سەرەبابەتی گونجاودا . بۆ نموونە دەبێت لەو ووشانە هەڵبژێرین بۆ سەرەبابەت کە لەلایەن خوێنەرانەوە زانراوەو نووسراوەو وە بەزۆری بەکاردەهێنرێن . نەك وشەو زاراوەیەك کەلەلای خوێنەر بەکارنەهاتووەو نەزانراوە .

٢ـ یەکگرتوویی لەبەکارهێنانی وشەدا: پێویستە ئەو زاراوانە بەکاربهێنین لە سەرەبابەتەکاندا کە گشتی و یەکگرتوو تر بێت ، نەك هەر جارەو جۆرە وشەیەك بۆ بابەتێکی دیاریکراو بەکاربێت . وەئەگەر هەندێ وشە چەند مانایەکی هەبوو لە چەن شوێنێکی جیاوازدا ، ئەوا پێویستە ڕوونکردنەوە بدەین بەو وشەیە بۆ نموونە: النقد ( العملة )... الآسكندرية (العراق)
النقد ( الادب ) الاسكندرية (مصر)

٣– بەکارهێنانی زاراوەی بڵاو بەناوبانگی ناو خوێنەران: دەبێت ئەو ووشانە بەکاربهێنین بۆ سەرە بابەت کەبەزۆری لە لایی خوێنەران باوو بڵاوە ، نەك بەپێچەوانەوە بۆ نموونە:

(جوامع – مساجد) (سروشت– فيزيا) کامیان بەکاردێنین و کامیان واز لێدێنین؟

(خزان – دولاب) (جرارات – ساحبات) کامیان بەکاردێنین و کامیان وازلێدێنین؟ لەکاتی پێویستدا پێویستە (إحالة–ڕێگا نیشاندان) بەکاربهێنین بۆ ئەو وشەیەی کەکەمتر بەکاردێت بۆ وشەیەك کەزۆرتر بەکاردێت بۆ نموونە:

الخيالة ..المذياع
انظر.. انظر
السينما..الراديو

٤ـ تایبەتمەندی: پێویستە زاراوەیەکی وەها هەڵبژێرین کە زۆر تایبەتمەند بێت، بۆ نموونە ئەگەر بابەتێکمان هەبوو لە بارەی کارەبا وە ، دەنووسین (کارەبا) نانووسن (فیزیا) چونکە کارەبا تایبەتمەند ترە. بەهەمان شێوە بۆ (موگناتیس، دەنگ، ڕەنگ،...هتد).

### یاساکانی داڕشتنی سەرەبابەت

١ـ لەوانەیە سەرەبابەتەکە لە وشەیەك پێك هاتبێت، وەك ( الآداب ، الجبال ، الجلود ، المكتبات )

٢ـ هەندێ جار سەرەبابەت لە دوو وشە پێك دێت ، وەك (آفات الزراعية، الرقص الشعبى، الصحة العقلية، علم المكتبات ):

اـ زۆر جار سەرەبابەتەکە (واوی عەتف) پێکیانەوە دەبەستێتەوە، وەك (الكليات و الجامعات، المكتبة و المجتمع).

ب - زۆر جار سەرەبابەتەکە بە شێوەی دوو وشە دەبێت کە لێك جیا ناکرێتەوە، وەك (الاداب و الاخلاق، الدين والحياء).

ج - زۆر جار سەرەبابەتەکە لە دوو وشە پێك دێت دژ بەیەکتر، وەك (الخيروالشر،الشك واليقين،الليل والنهار).

٣ـ زۆر جار سەرەبابەت لەچەند وشەیەك پێك دێت، وەك (اختزان و استرجاع المعلومات، جمعية اتحاد المكتبين العراقيين، اسماك المياه العزبة، الاتحاد الوطني الكردستاني).

٤ـ بەکارهێنانی (،) بۆ هەڵگەڕانەوەی سەرەبابەتە، واتە بۆ پێشخستنی (ناو) و دواخستنی (ئاوەڵناو) بۆ نموونە: (التعدين، الهندسة– التمور، الانتاج–المخازن، الانتاج– المكتبات، الادارة).

٥ـ بەکارهێنانی (–) بۆ دابەشکردنی سەرەبابەت بەپێی:

ا– دابەشکردنی شێواز: اللغة العربية–الموسوعات– الفيزياء – دراسة و التعليم.

ب– دابەشکردنی مێژوو:ئەوروپا – مێژوو – ١٩٩٩– تورکیا – مێژوو – ١٤٥٣– ١٥١٧

ج– دابەشکردن بەپێی شوێن: الاسماك – لبنان الرسم الزيتى – روما – الزراعة – العراق.

٦ـ ناو: ئەگەر ناوی کەسی بوو وەك خۆی دەینووسینەوە، بەڵام ئەگەر باسی ژیاننامەی کۆمەڵێك کەسی کرد کە لەژێر یەك پیشەدا کۆبووبوونەوە، ئەوا بەسیفەتی پیشەکە سەرەبابەتی بۆ دادەنێین، وەك: الفلاسفة ، المكتبيون ، المهندسون.

بەڵام ئەگەر باسی لەکۆمەڵێك کەس کرد کە پیشەکانیان جیاواز بێت ئەوا وشەی (التراجم – یاداشت) دەنووسین، وەك:العراق – التراجم.

٧ـ لەبابەتی زمانو ئەدەبدا لەپێشدا بابەتە سەرەکییەکە دەنووسین، دواتر زمان و شێوازی ئەدەبی بۆ زیاد دەکەین یاخود بەشەکانی زمانو ئەدەبی بۆ دەنووسین، بۆ نموونە: ئەدەبی کوردی– هۆنراوە، ئەدەبی ئینگلیزی– چیرۆك، ئەدەبی عەرەبی – شیعر– تونس.

واتەبەم شیوازە: ئەدەب – شیوازی ئەدەبی– شوێن– ساڵ.

زمانی عەرەبی – فەرهەنگ – میسر – ١٩٢٠– ١٩٨٥.



*مامۆستای بەشی زانیارییەکان و کتێبخانە لەپەیمانگای تەکنیکی سلێمانی

## داخستنی کتێبخانەی ئەنجومەنی ڕۆشنبیریی بەریتانی لە میسر

و. ساکار

ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٠ بواری کتێبخانەکان ڕووداوێکی ناخۆشی بە خۆیەوە بینی، ئەویش داخستنی یەکێك لە کتێبخانە گەورە بیانیەکان بوو لەمیسر، کە کتێبخانەی ئەنجومەنی ڕۆشنبیری بەریتانییە کەوا زیاد لە(٧٠) ساڵە لەو وڵاتەدا خزمەتگوزاریی خۆی پێشکەش دەکات.

ماڵپەڕی(البوابة) لەسەر چاوەی تایبەتەوە زانیویەتی کە ئەنجومەن گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە هامشۆکەرانی بۆ کتێب خوێندنەوە سەردانی ناکەن، بەڵکو مەبەستیان بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت و گوێگرتن لە نەوارەکان و بینینی فیلمەکانی ڤیدیۆیە.



کتێبخانەکە کرێی بەشداریکردن دەگێڕێتەوە بۆ بەشدارەکانی و زۆربەی زۆری کارمەندانیش لەسەر کار لادەبات و ژمارەیەکی کەم کە دەمێننەوە لە بەشەکانی دیکەی ئەنجومەنی بەریتانیدا دەخرێنە سەرکار، سەرچاوەکانی کتێبخانەکەش دەبەخشرێنە چەند دامەزراوەیەکی پەروەردەیی لەدەرەوەی قاهیرە و ئەسکەندەرییەدا.

(پۆل سمیت)ی بەڕێوەبەری ئەنجومەنەکە ڕایگەیاند "میسرییەکان بەشێکی کەمیان خوێنەری ڕاستەقینەی کتێبن " وتیشی "ساڵانە تێچووی بەڕێوەبردنی کتێبخانەکە گەیشتووەتە ٥٤٣ هەزار دۆلار".

ئاماژەی بەوەشکرد لە وڵاتانی دیکەی وەکو(هند) دا خەڵکی ئارەزووی خوێندنەوەیان زۆرە.

British- council & catid

### لەکتێبخانەی کۆنگرێسی ... پاشماوە

ببەخشنە کتێبخانەکەو لە ماوەیەکی کەمدا کتێبخانەکە بووەتە خاوەنی هەزاران سەرچاوەو نەخشە و تۆماری موزیك، ساڵی ١٨٧٣ کۆنگرێس جێگایەکی نوێی بۆ کتێبخانەکە دابین کردوەو لەساڵی ١٨٨٦دا کتێبخانەیەکی نوێی گەورە درووستکردنی تەواوبووە.

کتێبخانەیەك بووە بۆ هەموو خەڵکی وچەندین ئەندازیار و هونەرمەندو دیزاینەری تایبەتی نەخشەسازیی دیکۆر کاریان تێداکردوەو ڕازاندویانەتەوەو دوای ١٣ ساڵ لەکارکردن تیایدا دەرگای لەڕووی هامشۆکەراندا واڵاکراوە. گەورەترین کتێبخانەیەو یەکەمین جێگایە بۆ چاوگ و سەرچاوەکان لە هەموو جیهاندا، زیاد لە ١٣٠ ملیۆن سەرچاوەی جۆراو جۆری کتێبو دۆکمینتی تیادایە، چاپکراوەکان بە (٤٦٠) زمانن و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش لە زیادبووندان .

## لەکتێبخانە بەناوبانگەکانی جیهان

# کتێبخانەی گشتیی ئەمستردام

و. لەهۆڵندییەوە/ سەردار فەتاح ئەمین*

ئەمساڵ 90 ساڵ بەسەر دامەزراندنی کتێبخانەی گشتیی ئەمستردامدا تێپەڕی. ڕۆژی 8/2/1919 بۆ یەکەمجار تەنها لە هۆڵێکی گشتیی خوێندنەوە، لەیەکێك نهۆمەکانی ئەو خانووەی لە وێنەکەدا دیارە، ئەم کتێبخانەیە کرایەوە، کە دەکەوێتە سەر شەقامی keizersgracht 444 لە ناوەندی شاری ئەمستردام.




کتێبخانەی گشتیی ئەمستەردام

واتە لەسەر کەناڵی کازیرەی ژمارە 4444، کە یەکێکە لە کەناڵە ئاوییەکان لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری ئەمستردام.

سەرەتا لەپاڵ هۆڵێکی گشتیی خوێندنەوەوە، هۆڵی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی شارو گۆڤارەکان، ژووری کەتەلۆگ، نوینگەی زانیاری بەخشین، بەشی هونەری و تەکنیك، بەشی بازرگانی و ئابووری، کتێبخانەی گەڕۆك، کتێبخانەی بەشی گەنجان، بەشی مۆسیقاو بەشی نابینایانیش کرایەوە.

لەساڵانی پاشتردا، کتێبخانەی گشتیی ئەمستردام، باش گەشەی کردو چەند لقێکی دیکەی لەناوچە جوداکانی ئەمستردامدا کردەوە بەم شێوەیە:

لەساڵی 1928دا 5بەش لە شوێنە جوداکانی ئەمستردامدا کرایەوە.

ساڵی 1948بوو بە 10بەش.

1964بوو بە 19 بەش.

ساڵی 1988لە 28 شوێنی جودای ئەمستردامدا لقی کتێبخانەی گشتیی دامەزرا. بۆ یەکەمجار لەساڵی 1977 ناوەندی کتێبخانەی گشتیی ئەمستردام، گواستیەوە بۆ شەقامی prinsengrachtdeتا ساڵی 2007 لەو شوێنەدا مایەوە، تا کتێبخانەیەکی جوان و قەشەنگی لە شەقامی Oosterdokseiland بۆ دروست کرا، لەسەر ڕووبەری 28.000م٢و گەورەترین کتێبخانەیە لە هۆڵەندەداو خوێنەر دەتوانێ بەهۆی ئەم لینکەوە بۆ ماوەی 7 دەقیقە بڕوانیتە مێژوو وشێوازی کارکردنی بەشەکانی ئەم کتێبخانەیە:

http:// www.oba.nl/index.cfm/t/Video s/vid/467130CD-BD25-51EC-2F046CD1D836F6CAO

### کتێبخانە گشتیی ئەمستردام بۆ هەمووانە

کتێبخانەی گشتیی ئەمستردام زۆر بەخێرایی گەشەی کرد، بەڵام بەواقیعی حاڵ زۆر گرفت و نارەحەتی هاتۆتە ڕێگە، چونکە لەشارێکی هەمە ڕەگەزو فرەکەلتچەری وەك ئەمستردام، وەك لەزمانی (یۆپ کۆهێن)ی دوە پارێزگاری ئەمستردامەوە 187گروپ و نەتەوەی جیاواز لەم شارەدا نیشتەجێن بێگومان کارکردنی بەرپرسان بەو ئاراستەیەدایە، کە دێنە ڕێگەی دانیشتوانی ئەمستردام لە هەموو رووکارێکەوە.

کتێبخانەی گشتیی ئەمستردام لەسەر ئەو بنەمانە کار دەکات و کارەکانی بەشێوازێ ڕێکخستووە، کە کتێبخانە بۆ خزمەتگوزاری هەموو ئەمستردامییەکانە.

کتێبخانەی گشتیی ئەمستردام لەسەر بنچینەی فرەکەلتچەر، شێوازی کارکردن و دامەزراندنی کارمەندەکانی دابەشکردووە لە 35% کارگوزارەکانی کتێبخانە لە بێگانەکانی نیشتەجێی ئەمستردام پێك هاتوون، ئەمانیش هەموو بەشەکانی ناوخۆی کتێبخانەی گرتۆتەوە، هەر لەکارمەندان، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ هامشۆکەرو زانیاری پێدان، لە هەموو ئاستەکان بۆ ناساندن و شارەزابوون لە هەموو کەلچەرەکاندا.

بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی ڕۆژنامەو گۆڤاری زۆربەی وڵاتانی جۆربەجۆری دنیا لەم کتێبخانەیەدا هەیەو لەگەل ئەوەشدا، جۆرەها کۆرس و مەشقی ڕاهێنان و فێربوون فەراهەم کراوە، خوێنەران دەتوانن بۆ خۆیان بە تاك یان لەگەل گرووپدا لێی سوودمەند بن، هەروەها گەلێك سەرچاوەی هەمەجۆری تێدا دەستدەکەوێت بۆ خۆگونجاندن و تێکەڵاوبوون بە دابونەریت و کلتوری شارەکە.

بینای کتێبخانە تازەکەی ئەمستردام، کە ساڵی 2007تەواو بووە، 88ملیۆن ئیرۆی تێچووە، لە 7نهۆم پێك هاتووە، جگە لە نهۆمی زەمینی، کە لە ڕاڕەوی چوونەژوورەوەدا لەباڵی(پرسگەیەك) پێك هاتووە، کە هەمیشە 2تا3 کارمەندی تێدا ئامادەیە، بۆ پێشوازی میوانەکان و وەلامدانەوەی پرسیارەکانیان و زانیاری پێدان و ڕێنماییکردنیان، نهۆمی ژێرزەمین بۆ گەراجی ئوتۆمبێل، نهۆمی حەوتەم لە کافتریاو ریستۆرانتێکی گەورەو شوێنی حەوانەوە پێك هاتووە، شەش نهۆمەکەی دیکە پێك هاتووە لە بەشە جۆربەجۆرەکانی کتێبخانە.

کتێبخانەی گشتیی ئەمستردام لە ناوەندی شاردایەو زۆر نزیکی وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەری ئەمستردامە، هەر 7 ڕۆژەکەی هەفتە لە سەعات 10ی بەیانی تا 10ی شەو کراوەیە.

5،2 ملیۆن کەس لە ساڵێکدا سەردانی ئەم کتێبخانەیە دەکات، واتە تێکڕا ڕۆژانە 7 هەزار کەس دێنە سەردانی.

200کارمەند لەم کتێبخانەیەدا کار دەکەن، 1375 شوێنی دانیشتنی گەورەو بچوك بۆ خوێندنەوە تەرخان کراوە.

* نووسەرو روناکبیر، نیشتەجێی هۆڵەندا

لەکتێبە

د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ

بڵاوکراوەکەتان پیرۆز بێت. هیوام وایە بچێتە ڕیزی چاپکراوە باشەکانەوە داوای نووسینی ستوونێکم لێکراو سنووریش دانرا کە باسی ئەو کتێبانە بکەم کەکاریان لێکردووم، یا تێکردووم.

کەبیرم کردەوە ڕۆمانێکی ڕووسیی بە عەرەبی کراوم هاتەوە بیر، بەڵام یەکسەر ڕۆمانێکی بە کوردی کراوم هاتەوە یاد پێش ئەو کە لەپۆلی دووەمی ناوەندیدا خوێندبوومەوە وهێشتا دیمەنی قارەمانەکەی (ئەلفرێد مۆللەر ئەفەندی)م لە بەر چاوە.

ئەویش ڕۆمانی (کەمانچەژەن )ە کەئێمە (کەمانچەژەن)ی پیرەمێردمان پێدەووت. پیرەمێرد ئەو ڕۆمانەی بەرەبەرە لەژیندا بڵاودەکردەوەکە لەوەدووا ئەو چەشنە بڵاوکردنەوەیەم لەڕۆژنامەی تری عەرەبیدا دیوە، ڕەنگە پیرەمێرد ئەو شێوەیە لە ئەستەمبووڵەوە فێربووبێ.

(ژین ) چوار لاپەڕە بوو. لەچواریەکی لاپەڕەی سییەم و چوارەمدا بەشێك لە(کەمانچە ژەن) بڵاودەکرایەوە. خوێنەر دەیتوانی ئەو چواریەکە ببڕێ و هەفتەبەهەفتە بیانخاتە سەریەك تاڕۆمانەکە تەواودەبوو، ئەوسا بەرگی تێبگرێ و ببێ بە کتێب. بەڵام هەر پێرەمێرد خۆی بەکتێبیش چاپی کردو بۆ جاری دووەم کاکەی فەللاح چاپیکردەوە .

هەر لەقەبی ئەفەندی دان بە(ئەلفرید مۆللەر) کاری پیرەمێردەو دەبێ لە تێکستی ڕۆمانەکەشدا دەستکاریی کردبێ، یا بڵێین ( کوردانوویەتی ) چونکە هەندێ دێرم لەبیرماوە کە هەر کوردانەن.

پیرەمێرد لە پێشەکیدا دەڵێ: تۆفیقی تورك کردبووی بەتورکی، واتۆفیقی کوردیش کردی بەکوردی، بەڵام ئەوەی نەنووسیوە کە تۆفیقی تورك کێیە، ئەوە (تۆفیق فیکرەت) بایەکێکیترە، پاشان ئەو تورکە لە چ زمانێکەوە کردوویەتی بەتورکی؟ جارێك شتێکم هەر لە(ژین)ی کاکەی فەللاحدا خوێندەوە کەئەم (کەمانچە ژەن)ە نووسینی (هانس ئەندەرسن)ە.

## کەمانچەژەن



پیرەمێردی نەمر

بۆ نەگبەتی ڕێکوڕەوان لەبیرم نەماوە کەکێ ئەوەی نووسیوە، گومانم لە ناوی دوو نووسەر هەیە، کە یەکێکیان ئەڵەمانی زانە، خۆزگە هەر ئەوەی ئەو تێبینییەی نووسیبوو سەر لەنوێ بەدرێژی باسی دەکردەوە تابتوانین لە کۆی ئەم هەموو نامەی ماستەرو دوکتۆرایەی کەئێستا دەنووسرێن، یەکێکی شارەزا ڕاسپێرین کەبەراوردێکی ئەسڵەکەو تورکییەکەو کوردییەکە بکات و لایەنێکی تری بلیمەتی و ڕابەرێتیی پێرەمێردمان بۆ دەربخات و بەپێی ڕێ و شوێنی ئەو کاتەو ئێستاش بڕیارێکی بەویژدان لە ڕەوایی یا ناڕەوایی ئەو (کوردنادنە) بدات، بەهەموو حاڵێك پیرەمێرد گەورەیەو ڕابەرەو لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا دەستپێشخەرییەکی گەورە تری بۆ خۆی تۆمارکردووە.

# خوێندنەوەی بێدەنگ

ئا. تابان حەسەن*

قوتابی لەڕێی ڕوانینەوە دەخوێننەوە بێ ورتە وگوتنەوەی بابەتە نووسراوەکان و بێ جوڵەی زمان و لێوەکانیان ، واتە بەبێدەنگی ، پاشانیش مامۆستاکانیان لەسەر ئەو جۆرە خوێندنەوە تاقیاندەکەنەوە تا بزانن چەندە لەبابەتەکە تێگەیشتوون.ئەم جۆرە خوێندنەوەیە کاریگەریی زۆر جێدێڵێ ، چونکە لەسەر ڕێگایەکی ڕاست منداڵ فێری خوێندنەوە دەبێت و لەژیاندا گەشە بەخۆیان و زانیارییەکانیان دەدەن .

ئامانجەکانی:

بێجگە لەخێرایی خوێندنەوەو تێگەیشتنی باش لەماناو واتاکان، بەپێی توێژینەوەکان سەلماوە کە ئەم جۆرە خوێندنەوەیە :

١ـ گەشە بە ئارەزووی باش خوێندنەوەو چێژ وەرگرتن لێی دەکات .

٢ـ ڕاهاتن لەسەر خوێندنەوەی بەرهەمە جوانەکانی وەکو چیرۆك و شیعری سەرنجڕاکێشن لەناو قوتابخانەو دەرەوەیدا .

٣ـ باش تێگەیشتن لەبەرهەمی خوێندراوە .

٤ـ خێرایی خوێندنەوە سوود وەرگرتنە لەکات .

٥ـ جەخت کردن لە تێگەیشتن و لە بیر نە چوونەوە .

٦ـ فێربوونی زمان و گەشەی زمانەوانی و هزریی خوێنەر ، واتە گەشەدان بە فەرهەنگی خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوەی بەردەوامیدا .

٧ـ لەبەرکردنی ژانرە ئەدەبیە باڵاکان ، ئەویش دوای هەژانی هەست و سۆزی خوێنەر ، تا ئارامیی بە ڕۆحی ببەخشێ و ئاسودە بێ لە کاتی وتنەوەی بابەتە لەبەرکراوەکانیدا.

ماڵپەڕی ibtesama

*دیبلۆمی کتێبخانەو زانیارییەکان

# چۆن لەسەر خوێندنەوەی خێرا خۆت ڕادەهێنیت ؟

و. سارا محەمەد*



خوێندنەوەی خێرا لەم سەردەمەدا بووە بە کارێکی پێویست و فێربوونیشی کاتێکی زۆرمان بۆ دەگێڕێتەوە، هەر مرۆڤێکیش بە بڕێکی کەمی خۆ ماندووکردن دەتوانێت خۆی لەسەر ئەوە ڕابهێنێت بە خێرایی شت بخوێنێتەوە . چەند لێکۆڵینەوەیەك سەلماندوویانە مرۆڤی ئاسایی دەتوانێت خێرایی خوێندنەوەی خۆی بە ڕێژەی ٥٠ ٪ بۆ ١٠٠ ٪ زیادبکات بەبێ ئەوەی توانای تێگەیشتن لەماناى خوێندنەوەکانی لە دەستبدات، هەروەها لێکۆڵینەوەکان ئەوەشیان سەلماندوە کە ئەو بۆچوونانە. ئەمانەی خوارەوە چەند مەشقێکن کەبۆ خۆ ڕاهێنان لەسەر خوێندنەوەی خێرا سوودیان هەیە :

١ ــ زۆر لەخۆت بکە بۆئەوەی بە خێرایی شت بخوێنیتەوەو خۆتی لەگەڵدا ماندوو بکە، دیارە لە یەکەم جارو یەکەم ڕۆژەوە هەموو ئەو شتانە تێناگەی کە دەیانخوێنیتەوە، بەڵام بە مەشق و خۆ ڕاهێنانی ڕۆژانە فێری ئەوە دەبیت کە چۆن بیرۆکەی ناو خوێندنەوەکەش وەربگریت ، شتێکی ئاساییە کە لە سەرەتاوە هەڵە لەمەدا ڕووبدات، بەڵام گوێ بەم هەڵانە مەدە و لە مەشقی خۆت بەردەوام بە . بابەتێك بهێنەو دوو جارو ئەگەر پێویستی کرد سێ جار بە خێرایی بیخوێنەرەوە، ئینجا یەك جاریش بە وردی بیخوێنەرەوە بۆ ئەوەی بزانیت چەندت لە چەمکی بابەتەکە وەرگرتوە .

٢ ــ هەوڵبدە بابەتەکان وشە وشە نەخوێنیتەوە، بەڵکو بە دەستەواژەو ڕستە بیانخوێنیتەوە، ئەوەش هەڵەیە کە وەك زۆربەی خەڵك بە دەنگەوە شت بخوێنیتەوە، پێویستە لەخوێندنەوەدا دەموزمانت نەجوڵێنیت وخۆت فێری ئەوە بکە لە دەستەواژەیەکەوە بچیت بۆ دەستەواژەیەکی تر، لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی تر، دڵنیابە لەوەی کە ئەو خاڵە نازانیت چییە، لە ڕستەی پاشتردا بۆت ڕووندەبێتەوە و تۆ گوێ بە مانا بدە نەك وشە .

٣ ــ کە خێرا بوویت لە خوێندنەوەدا دەتوانیت هێڵە سەرەکیەکانی بابەتەکە وەربگریت بۆئەوەی دیارییان بکەیت، دوایی ترسی ئەوەت نەبێت کە ئەگەر پێویست بکات واز لە چەند دەستەواژەو ڕستەیەکیش بهێنیت و نەیانخوێنیتەوە .

٤ ــ لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر خۆت تاقیبکەرەوە بۆئەوەی بزانیت خێرایی خوێندنەوەکەت بەچ ئاستێك گەیشتوە، دەتوانیت ئەمە بەم شێوەیە تاقی بکەیتەوە کە جار بە جار بزانیت لە یەك خولەکدا چەند وشە دەخوێنیتەوە .

لەئینتەرنێتەوە

*دیبلۆمی کتێبخانەوزانیارییەکان

# دیزاین و دەرهێنانی هونەریی کتێب

ڕێبوار ئەورەحمان*

**دیزاین‌و دەرهێنانی هونەری، کەسایەتی هەر بڵاوکراوەیەك نیشان دەدات، ئەم لایەنە گرنگەی نێو دنیای ڕۆژنامەگەری‌و بڵاوکردنەوە، لەئێستادا گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت‌و وەك یەکێك لە لایەنە زۆر گرنگەکانی بواری ڕۆژنامەنووسی‌و بڵاوکردنەوە سەیر دەکرێت.**

دیزاین‌و دەرهێنانی هونەری لەرۆژنامەو گۆڤارەوە بۆ کتێب جیاوازییەکی زۆری هەیە، لەڕۆژنامەو گۆڤاردا دیزاینەر دەست کراوەیە لەبەکارهێنانی هەر یەکەیەکی تایپۆگرافیدا، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئێستا بەکارهێنانی یەکە تایپۆگرافییەکان وەك (وێنە، هێڵ، ڕاستەهێڵ، تۆڕ) بەچاوێکی زۆر گرنگەوە لێی دەڕوانرێت‌و هاوکارو یاریدەدرێکی زۆر گرنگە بۆ زیاتر جوانکاری لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا، ئەمە جگە لەوەی کە ڕەنگیش بەهەمان شێوە گرنگییەکی زۆری لەبواری دیزاینی ڕۆژنامەو گۆڤاردا هەیە، بەڵام ئەم لایەنە لەکتێبدا کەمتر گرنگی پێدەدرێت، چونکە لەکتێبدا دیزاینەر تەواوی نیگای خۆی لەبواری جوانکاری‌و بەکارهێنانی یەکە تایپۆگرافییەکاندا دەخاتە سەر بەرگ.

دیزاین بەشێوەیەکی گشتی چەند بنەمایەکی هەیە، کە لێرەدا گوزەرێکی خێرای پێدا دەکەین‌و پاشان نیگا دەخەینە سەر ئەو بنەمایانەی کە دیزاینەر لەدیزاینی کتێبدا پێویستە پشتیان پێ ببەستێت.

١ـ **بنەما هونەرییەکان**: زیاتر پەیوەستە بە لایەنی دیزاینکردن‌و ڕێکخستنی یەکە تایپۆگرافییەکان، ئەم بنەمایە لەدیزاینی کتێبدا گرنگی پێدەدرێت.

٢ـ **بنەما ڕۆژنامەنووسییەکان**: ئەم بنەمایە زیاتر پەیوەستە بەلایەنە ڕۆژنامەنووسییەکانەوە، وەك جۆری هەواڵ، جۆری ڕیپۆرتاژ.. هتد..و، گرنگییان بەلای خوێنەرەوە، ئەم بنەمایە لەدیزاینی کتێبدا پشتی پێنابەسترێت، بەو پێیەی دیزاینی کتێب وەك ڕۆژنامەو گۆڤار نییە کە چەندین ژانری جۆراو جۆر لەخۆ بگرێت.

٣ـ **بنەما دەروونییەکان**: ئەم بنەمایە پەیوەستە بە لایەنی دەروونی خوێنەرەوە، یەکێکە لەو بنەمایانەی کە لەدیزاینی کتێبدا گرنگییەکی باشی پێدەدرێت، ئەم بنەمایە پشت بەچەند کاریگەرییەك دەبەستێت، لەوانە:

أـ کایگەری تەمەن: مەبەست لەم کاریگەرییە تەمەنی خوێنەرە، دیزاینی کتێب، بەگوێرەی تەمەن دەگۆڕێت، بۆنموونە کتێبێك کە پەیوەست بێت بە خەڵکی بەتەمەنەوە بەشێوازێکی جیاواز دیزاین دەکرێت وەك لەکتێبێك کە زیاتر پەیوەست بێت بە گەنجانەوە.

ب ـ کاریگەری ڕەگەز: مەبەست لەڕەگەز (نێرو



مێ)یە، ئەو کتێبانەی کە زیاتر ڕەگەزی مێ دەیانخوێنێتەوە، تاڕادەیەك دەبێ جیاوازی هەبێت لەو کتێبانەی کە زیاتر ڕەگەزی نێر دەیانخوێنێتەوە.

ج ـ کاریگەری بۆماوەیی: لایەنی بۆماوەیی یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە کاریگەری لەسەر عەقڵییەتی خوێنەر هەیە، ئەمە جگە لەوەی کە پەروەردەو ژینگەش کاریگەری خۆیان لەم بنەمایەدا هەیە، دیزاین کردنی کتێبێك بۆ فراوانترین توێژی کۆمەڵ کە توێژی کاسبکاری ئاساییە، دەبێ جیاواز بێت لەدیزاینکردنی کتێبێك کە بۆ توێژی مامۆستایانی زانکۆ دیزاین دەکرێت (بۆنموونە).



دـ کاریگەری ڕۆشنبیری‌و خوێندەواری: ئەم بنەمایە باوەڕی بەوەیە کە تا چەندێك ئاستی ڕۆشنبیری‌و خوێندەواری خوێنەر بەرز بێت، ئەوەندە بڕوای بە دیزاینی سادە زیاتر دەبێت‌و لە ناونیشانی گەورەو ڕەنگی زۆرو جوانکاری زۆر دووردەکەوێتەوە، چونکە بەپێی ئەم بنەمایە ئەم جۆرەی خوێنەر ئەوەندەی نیگای لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکەیە، ئەوەندە لەسەر جوانکاری‌و ڕووخسار نییە.

هـ ـ شێوازی خوێندنەوە، یان خوێندنەوەی باو: ئەم بنەمایە پشت بە شێوازی خوێندنەوەی چین‌و توێژە جیاوازەکان دەبەستێت، هەندێك توێژ لەناو کۆمەڵگەدا زوو زوو گۆڕانکاریان تێدا ڕوودەدات، ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەری لەسەر شێوازی خوێندنەوەیان دەبێت لەڕووی هەڵبژاردنی بابەتی خوازراوەوە، بۆیە پێویستە شانبەشانی ئەم گۆڕانکارییانە، گۆڕانکاری لەلایەنی دیزاین‌و دەرهێنانیشدا بکرێت، تا شێوازێکی دیزاین‌و دەرهێنان دەبێتە شێوازی خوازراو لای زۆربەی هەرە زۆری خوێنەران بەجیاوازی چین‌و توێژەکانیانەوە.

وـ کاریگەری ڕەنگ: وەك لەسەرەتادا باسمان کرد، دیزاینەری کتێب تەنها لەسەر ڕووی بەرگ دەست کراوە دەبێت لەبەکارهێنانی یەکە تایپۆگرافییە جۆراو جۆرەکانداو لەنێویشیاندا ڕەنگ.

٥ـ **بنەما فسیۆلۆژییەکان**: ئەم بنەمایەش بەهەمان شێوە یەکێکە لەو بنەمایانەی کە لەدیزاینی کتێبدا کاریگەری بەرچاوی هەیە، لەبنەڕەتدا ئەم بنەمایە پەیوەستە بە لایەنە فسیۆلۆژییەکانی خوێنەرەوە.

بەو پێیەی چاو تاکە هۆکاری خوێندنەوەیە، بۆیە لەم لایەنەدا گرنگی زۆر بە چاوو جوڵەکانی دەدرێت‌و پێویستە دیزاینەر ڕۆشنبیری دەربارەی ئەم لایەنە فسیۆلۆژییەی خوێنەر هەبێت. لێرەدا بەکورتی چەند لایەنێك دێنینەوە کە پێویستە دیزاینەری کتێب ئاگاداریان بێت‌و لەکاتی دیزاینکردندا گرنگییان پێبدات:

أـ سایزی فۆنت‌و پەیوەندی بەچاوەوە.

ب ـ جوڵەی چاو لەئاستی پیتەکان‌و سپیایی سەر لاپەڕەکان‌و ڕەشییەکە تایپۆگرافییە جۆراو جۆرەکان.

ج ـ مانشێتی لاوەکی‌و جوڵەی چاو لەئاستیدا.

دـ درێژی دێڕەکان‌و کاریگەرییان لەسەر چاو، کە ئەم لایەنە لەدیزاینی کتێبدا گرنگییەکی زۆری هەیە، ئەو کتێبانەی کە بۆ توێژێك دەردەکرێت کە بەتەمەنن، پێویستە دیزاینەر ئاگاداری درێژی دێڕەکان بێت چونکە چاوی کەسی بەتەمەن وەك چاوی کەسێك نییە کە گەنج بێت‌و ڕەنگە بەجوڵەی زۆر، زۆر زوو ماندوو ببێت‌و توانای خوێندنەوەی نەمێنێت، یان بێزار ببێت.

بەشێوەیەکی گشتی شارەزایان‌و پسپۆڕانی بواری دیزاین‌و دەرهێنانی هونەری، چەند سایزێکیان بۆ جۆرەکانی کتێب دیاری کردووە، ئەم بۆچوونانە بەپێی چەندین لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەناو چین‌و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵدا هاتۆتە بوون.

شارەزایان پێیان وایە ئەو کتێبانەی کە لایەنی لێکۆڵینەوە یان چیرۆك‌و ڕۆمان لەخۆدەگرن‌و زیاترین چین‌و توێژی کۆمەڵگە دەیانخوێنێتەوە، باشتر وایە سایزەکەیان لە سایزی (٢١×١٤,٨) واتە سایزی (A5) تێپەڕنەکات، شارەزایان پێیان وایە ئەم سایزە، سایزێکی شیاوە بۆ ئەوەی چین‌و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەشوێنی کارکردن، یان شوێنی گشتیدا بەدەستییەوە بگرن‌و نابێتە قورسایی بۆیان.

سەبارەت بەکتێبی پەروەردەییش، شارەزایان پێیان وایە کە بۆ تەمەنی خوێندکاری ناوەندی، باشترین سایز سایزی (٢٣×٣٣)و سایزی (٢١×٢٩,٧) واتە (A٤)، چونکە ئەم سایزە کاریگەری سایکۆلۆژی لەسەر ئەو تەمەنە هەیە، مرۆڤ لەو تەمەنەدا لەڕووی دەروونییەوە حەزی بەوەیە کە زیاترین کەس لەدەوروبەری کتێبەکانی بەدەستەوە ببینن، هەروەك مرۆڤ لەو تەمەنەدا پێی وایە بەپێی قەبارەی کتێبەکانی، لەتوانای ڕۆشنبیری‌و کەسێتی ئەو دەڕوانرێت، بەڵام ئەم لایەنە سەبارەت بەخوێندکاری قۆناغی پاش ناوەندی‌و زانکۆو پەیمانگاکان بەشێوازێکی ترەو مرۆڤ لەو قۆناغانەدا حەزی بەوەیە کتێبەکانی لەڕووی سایزەوە بچووك بن، بەڵام لەڕووی ژمارەی لاپەڕەوە زۆربن.

سەبارەت بەمنداڵان، پسپۆڕان بەپشتن بەستن بەلایەنی سایکۆلۆژی، پێیان وایە باشترین سایز بۆ منداڵ ئەو سایزەیە کە بتوانێت بەپێی پانیی هەردوو دەستی بێت (کاتێك هەردوو دەستی بەلاکاندا دەکاتەوە) بەم پێیەش سایزەکان بەگوێرەی تەمەنی منداڵ دەگۆڕێن، هەروەك بۆ منداڵان پێویستە پشت بەڕەنگ‌و وێنەی گەورەو فۆنتی گەورەو ڕوون لەڕووی خوێندنەوەوە ببەسترێت، چونکە چاوی منداڵ لەچاو چاوی هەموو تەمەنەکانی تردا جوڵەیەکی نائاسایی بەرامبەر بەڕەنگ‌و شتی گەورە هەیە.

پسپۆڕان پێیان وایە ئەم سایزانە بۆ ئەو کتێبانەی کە پەیوەستن بەژیانی تایبەتی ئافرەتانەوە وەك ئەو کتێبانەی باس لە لایەنی جوانکاری دەکەن، یان ئەو کتێبانەی باس لەچێشتلێنان یان ستایلی دوورینی جل‌و بەرگ‌و ستایلی ڕێکخستنی قژ دەکەن، گرنگییەکی ئەوتۆیان لای خوێنەری ئافرەت نییە، بەپێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە کە ئەوەندەی لایەنی جوانکاری لەڕووی وێنەو ڕەنگ‌و چوونە نێو وردەکارییەکانی بابەتەکەوە گرنگە، ئەوەندە سایزی کتێب گرنگی نییە بەلای ئەم جۆرە خوێنەرەوە، سایزی کتێبەکە هەر سایزێك بێت، ئافرەت ئامادەیە بیخوێنێتەوە.

> **شارەزایان پێیان وایە ئەو کتێبانەی کە لایەنی لێکۆڵینەوە یان چیرۆك‌و ڕۆمان لەخۆدەگرن‌و زیاترین چین‌و توێژی کۆمەڵگە دەیانخوێنێتەوە، باشتر وایە سایزەکەیان لە سایزی (٢١×١٤,٨) واتە سایزی (A5) تێپەڕنەکات،**

سەبارەت بەو کتێبانەی کە دەربارەی ڕۆشنبیری گشتی دەردەکرێن، یان (ڕێبەرەکان) یان فەرهەنگەکانی وشە، پسپۆڕان پێیان وایە باشترین سایز ئەو سایزەیە کە خوێنەر بتوانێت لەگیرفاندا هەڵیبگرێت، چونکە هەندێك مرۆڤ بەردەوام پێویستیان بەوەیە فەرهەنگیان پێبێت، یان گەشتیارێك کە دەچێتە وڵاتێکی بێگانەوە پێویستی بەوەیە بەردەوام ڕێبەرێکی پێبێت، گەر بێت‌و سایزی ئەو جۆرە کتێبانە سایزێکی گەورە بن، ڕەنگە ببنە هۆکاری زوو بێزار بوونی خوێنەرەکەی‌و پشتگوێ خستنی‌و سوود لێوەرنەگرتنی، یان ڕەنگە خوێنەرەکەی نەتوانێت بۆ هەموو شوێنێك لەگەڵ خۆی ئەو جۆرە کتێبانە هەڵبگرێت‌و سوودی لێوەربگرێت.

ئەم جۆرە سایزە سەبارەت بەو ڕێبەرانەی کە دەربارەی بابەتە جۆراو جۆرەکان‌و بەمەبەستی پەروەردەیی بەتایبەتی بۆ خوێندکاری سەرەتایی یان منداڵان بەگشتی دیزاین دەکرێت وەك ڕێبەرەکانی (هێماکانی هاتووچۆ، ئاژەڵەکان، جۆرەکانی ڕووەك، پیتەکان بۆ ئەو منداڵانەی تازە فێری خوێندنەوە دەبن، ڕەنگکردنی وێنە بۆ منداڵان‌و بەتایبەت ئەو منداڵانەی کێشەی وەك خۆی نەبینینی ڕەنگەکانیان هەیە، یارییە بیرکارییەکانی تایبەت بەمنداڵان بەتایبەت ئەو منداڵانەی ڕێژەیەکی کەمی نەخۆشی بیرکۆڵییان هەیە)، لەم یاسایە دەردەچێت‌و بەبڕوای پسپۆڕان باشتر وایە سایزیان گەورە بێت تا ئاستی سایزی




لاپەڕەی (A4)، چونکە بەبڕوای پسپۆڕان ئەو گەورەیی سایزە هاوکارێکی گەورە دەبێت بۆ باشتر بیرکردنەوەیان.

بەبڕوای پسپۆڕان هەندێك کتێب یان ڕاستتر ڕێبەر هەیە کە تایبەتمەندن بە بابەتێك کەپەیوەندی بەتەواوی کۆمەڵگەوە هەیە، پێویستە دیزانێکی سادەیان هەبێ‌و بەپیتێکی گەورە دیزاین بکرێن‌و هیچ یاریکردنێك بە پیتەکان‌و یەکە تایپۆگرافییەکانی تێدا نەکرێت، بۆئەوەی تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگە بەجیاوازی تەمەن‌و ئاستی خوێندەواری‌و ڕادەی بینینان بتوانن بیخوێننەوە، هەروەك باشترین سایزیش بۆ ئەم جۆرە ڕێبەرە تایبەتانە بە سایزی (A5) دەستنیشان کراوە، لەنموونەی ئەو جۆرە کتێب یان ڕێبەرانەش وەك (دەستووری وڵاتان، ڕێنماییە ئاینییەکان، ڕێبەری ڕێنماییە تەندروستییەکان، ڕێبەری بەکارهێنانی ئامێرەکان، ڕێبەری ڕێنماییەکانی هاتووچۆ، ڕێبەری گەشتە ئاسمانییەکان‌و.. هتد).

* ڕۆژنامەنووس‌و دیزاینەر

# بیبلیۆ گرافیا

و. ساکارعەلی عەبدوڵڵا*

**بیبلیۆگرافیا، کە بە ئینگلیزی پیتی دەوترێت ((Bibliographies)) بریتییە لە کۆمەڵێك زانیاریی ببلیۆگرافی وەکو (ناوی نووسەر، ناونیشانی سەرچاوە، ژمارەی چاپ، زانیاری لەمەڕ چاپکراوەکە و ژمارەی لاپەڕەکانی و.. تاد) سەبارەت چاپکراوێك یان چەند چاپکراوێك پێکەوە.**

وشەی بیبلیۆگرافیا کە لەم سەردەمە نوێیە لەوشەیەکی فەڕەنسییەوە هاتووەتە ناو زمانی عەرەبییەوە و ناونراوە (البيبليوغرافيا)، لە ڕەچەڵەکدا زاراوەکە یۆنانییە لە دوو وشە لێکدراوە: Biblion کە بە زمانی (نامیلکە) دێت و وێنەیەکی بچووککراوەی زاراوەی (Biblioy) ە، بە واتای (نووسین)، وشەی (Graphia) یش ناوی کردارێکی وەرگیراوەلە(Graphein) بەوا تای (لە بەریدەگرێتەوە) یاخود (دەینووسێ)، ببلیۆ گرافیا هەر لەگەڵ دەرکەوتنیدا لە سەردەمی گریکەکانەوە تاوەکو سەردەی حەڤدەیەم بە مانای (لەبەر گرتنەوەی کتێبەکان) هاتووە و بەو شێوەیە بووە تا نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا ماناکەی بووەتە (نووسین سەبارەت کتێب).

فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد) پێناسەی ببلیۆگرافیای بەمجۆرە کردوە "برتییە لە بەرگرتنەوە، یان نووسینەوەی کتێب، پێناسەو مێژووی کتێب لە ڕووی دانان و چاپ وبڵاوکردنەوەو هەندێ شتی تر، لیستێکە بە کتێبی تایبەتی نووسەرێك، یان دەزگایەکی بڵاوکردنەوە، یاخود نیشتمانێکی دیاریکراو، یان بیرۆکەیەك، یاخود بابەتێکی دیاریکراو".

بەگشتی، لیستی بیبلیۆگرافیا بریتییە لە زانیارییە ببلیۆگرافیاییەکان بە دیاریکراوی، یان نەکراوی سەبارەت بەسەرچاوە زانیارییە سەربەخۆکانی وەکو کتێب، یان تێزە زانستیەکانی زانکۆ، یان چاپکراوە خولاوەکان (ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە –. و.کوردی)، بیبلیۆگرافیا چەشنێکی تایبەتی وەك کتێب دەگرێتەوە، یاخود دوو جۆر یان زیاتر لە سەرچاوەکانی زانیاری و بریتییە لە لیستێکی ڕێکخراو لە ژێر ڕۆشنایی سیستمێکی تایبەت بە سەرچاوە تایبەتەکانی بابەتێکی دیاریکراو، یان بەرهەمی کەسێکی دیاریکراو، یان چەند سەرچاوەیەك لە ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراو، یان شوێنێکی دیاریکراودا .

### خەسڵەتەکانی بلیۆگرافیا

أ ـ لە ئێستادا وشەی ببلیۆگرافیا لەوشەبەربڵاوەکانەو لە لایەن پسپۆڕانی بواری کتێبخانەو زانیارییەکانەوە لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا بە کار دەهێنرێ.

ب ـ وشەکە بووەتە زاراوەیەکی (بەعەرەبی کراو) ی فرە بە کار هێنراو لە سەرجەم کۆنگرەکان و لای ڕێکخراوە تایبەتمەندەکان و توێژەرانی بواری کتێبخانە و زانیارییەکان لە وڵاتانی عەرەبدا.

ج ـ چەندین ڕێگا لەڕێکخستنی ببلیۆگرافیا دا بە کاردێ واتە ڕێکخستنی بابەتەکان لە نێو کاری ببلیۆگرافیدا، لەوانە( ڕیزبەندکردنی هێمایی، یان ریزبەندکردنی پۆلێنکراو، زەمەنی، جوگرافی، شێوەیی )، یاخود ریزبەندیکردن بە پێی دەزگایەکانی بڵاوکردنەوە.

د ـ بیبلیۆگرافیا بەوە ناسراوە کە داپۆشینی بەر فراوانە و، هەروەها لە دوو توێیدا سەرچاوە سەرەکییەکانی زانیاری دەستەبەر دەکرێت.

هـ ـ لەکاری بیبلیۆگرافیدا بە تەنیا ئاماژە ببلیۆگرافییەکان بۆ سەرچاوە دیاریدەکرێت، نەوەك ناو بردنی ئەو کتێبخانەو سەنتەری زانیارییانەی کە سەرچاوەکانیان تیادا پارێزراوە.

### *سوودەکانی بیبلیۆگرافیا*

ببلیۆگرافیا ئەم سوودانە دەگەیەنێت:

أ ـ ڕێنمایی توێژەر دەکات بۆ پەیدا کردنی گشت سەرچاوە تایبەتەکانی پەیوەست بەبابەتی توێژینەوەکەیەوە، کە لە ڕووی زەمەن و شوێنو زمانەوانی و بابەتییەوە پێویستی پێیان دەبێت.

ب ـ یارمەتیی توێژەر دەدات بۆ هەڵبژاردن و وەرگرتنی ئەو سەرچاوانەی مەبەستێتی، هەر چۆن سەرچاوەی ئەو تۆش پێدەناسێنێ کە لەوەبەر بە بیریدا نەهاتوون.

ج ـ هاوکاریی توێژەر دەکات بۆ ساغکردنەوەی زانیاری دیاریکراو وکارکردن بۆ تەواو کردنیان و راستکردنەوەی هەڵبژێردراوەکانی.

د ـ بیبلیۆگرافیا بە کلیلی سەرچاوەکانی زانیاریی دادەنرێ و بە هۆیەوە کۆشش و کات و تێچوون دەستە بەر دەبێت و پاشانیش ئەنجامدانی توێژینەوەکەی خێراترو فراوانتر و وردتر و سەرکەوتووتر دەبێت.

### جۆرەکانی بیبلیۆگرافیا :

دەتوانین بیبلیۆگرافیا بەسەر دوو جۆردا دابەشبکەین:

١– بیبلیۆگرافیای دەق شیکاریی : هەندێ جاربە بیبلیۆگرافیای رەخنەییش ناویدەبرێت، بریتییە لە راڤە کردنی هەموو راستییەکی پەیوەست بە میتۆدەکانی کاری وەرچەرخاندن و گواستنەوە لە دەستنووسەوە بۆ بەرهەمهێنراوی کۆتایی، یان بایەخدان بە وەسفی ماددی کتێب و دیاریکردنی جوداکاریی تێکست ( دەق ) لە نێوان دەستنووس و کتێبی چاپکراودا، هەروەها لە نێوان چاپە جیاوازەکانی یەك کتێبدا، کە بە(مێژووی ژیانی کتێب) ناویدەبرێت.

٢– بیبلیۆگرافیا ڕێکخراوی دیاریکراو: بریتییە لە کۆمەڵە لیستێکی ڕێکخراو و ئامانجی پێناسەکردنی بەرهەمی هزرییە کە لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی دیاریکراودایە، وەکو بیبلیۆگرافیای نەتەوەیی، یان بەرهەمی هزریی تایبەت بە بابەتێکی دیاریکراوی وەك بیبلیۆگرافیای تایبەتمەند، یان بەرهەمی هزری تایبەت بە خەسڵەتەکانی ئەرکێکی دیاریکراو، هەرچۆن لە بیبلیۆگرافیای تایبەت بە تێزە زانستیەکان یاخود تایبەت بە بڵاوکراوە خولاوەکان دەبینرێت.

گەر بمانەوێ بنچینەی زیاتر بۆ دابەشکردنی ئەو دوو جۆرە بیبلیۆگرافیایە بەسەر جۆری دیکەدا دابەش دەکەین، ئەوا دەتوانین کارەکەمان بەمجۆرە ئەنجام بدەین :

أ – بیبلیۆگرافیای سەراپاگیر :

گرنگی دەدات بە دیاریکردن و پێناسە کردنی بەرهەمی هزریی بە شێوەیەکی گشتی، بە بێ خۆ بەستنەوە بە بوارێکی بابەتیی دیاریکراوەوە، بە لکو هەموو ئەو داخراوانە دەگرێتە خۆ کە لە بابەتی جۆراو جۆر دان بێ جیاوازیی، ئەمیش دابەش دەبێ بە سەر :

١ـ بیبلیۆگرافیای نەتەوەیی :

کە بەرهەمی هزریی وڵاتێکی دیاریکراو و پێناسەیان دەگرێتە خۆ، ئەوانەی کە لە ناو وڵاتەکە دا دەردەچن، یان لە دەرەوەیدا، وەکو (بڵاوکراوەی میسری بۆبڵاوکراوەکانی ساڵی ١٩٥٥، ببلیۆگرافیای جەزائیری لە ساڵی ١٩٦٥ دا ).

٢ـ بیبلیۆگرافیای بازرگانی :

بریتییە لە دیاریکردن و پێناسەی ناوەرۆکی پێڕستی بڵاوکەرەوەو دابەشکارو بازرگانانی کتێب، هەموو ئەو چاپکراوانەی لە خۆ دەگرێت کەوا بڵاوکەرەوەکانی دەوڵەت لە بەرهەمی هزریی بەرهەمی دێنن، وەکو (ڕێبەری کتێبی میسریی ) کە دەستەی گشتیی میسریی کتێب لە ساڵی ١٩٧٢ وە دەریدەکات.

ب ـ بیبلیۆگرافیای تا یبەتمەند :

گرنگی دەدات بەدیاریکردن و پێناسەی بەرهەمی



هزریی تایبەتمەند لەبابەتێکی دیاریکراودا، هەمیشە ئەم جۆرە بیبلیۆگرافیایە بەرهەمی هزریی بەهەموو شێوەکانیەوەو بەهەموو زمانێك لەچوارچێوەی بابەتی دیاریکراودا دەگرێتەخۆ، وەکو :

– محمد فتحي عبدالهادي. الدليل الببليوغرافي للانتاج الفكري في مجال المكتبات والمعلومات.

*لێپرسراوی بەشی ببلیۆگرافیا لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

---

# زانستی کتێبخانە

شاهۆ عوسمان سەید قادر*

**ئەو کەسانەی خولیای کتێبخانە بوونو لە کتێبخانەدا کاریانکردوە بۆ ماوەیەکی زۆر گرنگیان داوە بە چۆنێتی ڕێکخستنی کتێبخانە، هەروەها بایەخیانداوە بەولایەنو بابەتانەی پەیوەندیان هەیە بەکتێبخانەوە وەکو میتۆدی هونەریی پێویست بۆ دەستنیشانکردنو ڕێکخستنی سەرچاوەی کتێبخانەو پێڕستی کتێبخانە. وێڕای پێویستیەکی زۆری هاووڵاتیان بە مەعرفە.**

بە تێپەربوونی کات زانستی کتێبخانە وەکو زانستێکی هونەریی پراکتیکی سەری هەڵدا، لە ژێرکاریگەری گۆرانکاری کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی .. سەرەڕای پێشکەوتنی زانستو تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی بەرچاوو کاریگەری هەریەك لەو گۆرانکاریانە کاری کردۆتە سەر لایەنی زانستیوپیشەیی کتێبخانە. لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمی دیموکراسی گرنگی پێشکەوتنی خزمەتگوزاری کتێبخانە دەرکەوتو سەری هەڵدا لەسەر چەند بنەمایەك.

پێویستیەك هاتە ئاراوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەکادیمیو تیوری زانستیو چارەسەرکردنو چاکردنی زانستی کتێبخانە.لە سەرەتای سەدەی بیست دا دەستکراوە بە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی تازە بۆ گەشەکردنی زانستی کتێبخانە سەرەتا گفتوگۆ لەسەر کتێبخانەو پێکهاتەی بابەتیکرا کە لە هەمانکاتا زانستی کتێبخانە پێکهاتووە لە چەندین بابەت، توێژینەوەکان لەسەر زانستی کتێبخانە زیاتر لایەنی کۆمەڵایەتی گرتەوە، شیکردنەوەی رۆڵی کتێبخانە لە بواری کۆمەڵایەتی، ئابووری، رۆشنبیری،... لەگەڵ بایەخو گرنگی دان بە دراسەکردنی ئەو پەیوەندیە ئاڵوگۆرەی هەیە لە نێوان کتێبو کتێبخانەو کۆمەڵگا، رەنگە ئەنجامی ئەم دراسەو توێژینەوەیە وایکردبێ کە زانستی کتێبخانە بۆتە بەشێك لە زانستێکی کۆمەڵایەتی، بۆ نمونە:

ئامانجی کتێبخانەی گشتی پاڵپشتە بە ئامانجی کۆمەڵگە راستەوخۆ، ئامانجی کتێبخانەی زانکۆش تەواوکەری ئامانجی زانکۆیە هەروەها بەهەمان شێوەیە بۆ جۆرەکانی تری کتێبخانە.

بنەماو بنچینەی تیوری زانستی کتێبخانە پێویستە توێژینەوە بکا لە بواری کاری پیشەیی لە ناو خولگەی تیوری مەعریفەی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی، پسپۆرانی کتێبخانە پێویستە ماندووبن لەگەڵ ئەم دوو تەوەرەیەدا:ـ

١– چۆنیەتی پێکهاتەو گەشەکردنی مەعریفە
٢– چۆنیەتی بەکارهێنانو سوودوەرگرتن لە مەعریفە.

زانستی کتێبخانە گرنگی دەدات بە کۆکردنەوەو پاراستنو بەکارهێنانی بەرهەمی فکری تۆمارکراوی مرۆڤ ، وەکو زانست گرنگی دەدا بە بنەماو بنچینەی فکریو تیوری ئەکادیمی، سەرەڕای گرنگی دان بە میتۆدی هونەریی بۆ رێکخستنی زانیاری کە پیادەو پەیرەو دەکرێ لە کتێبخانەکان.

سەرەڕای ئەوەی پەیوەندی هەیە لە نێوان زانستی کتێبخانەو فەلسەفەی کتێبخانە، بەلاّم دەتوانرێ جیابکرێتەوە لەیەك، لەبەرئەوەی هەر زانستێك لە راستیدا گرنگی دەدا بە سیفەتی بنچینەی، کە خۆی دەبینێتەوە لە پرۆگرامێك بۆ کۆکردنەوەی راستیەکان بە شێوەی بەیانات، پاشان شیکردنەوە بۆ دەسکەوتنی وەسفکردنو رەخنەگرتن، لە دوایدا لێکدانەوەو پۆلینکردنو پێناسەکردن دێ، پاشان ناساندنو زانینی چۆنیەتی هەڵسەنگاندنو دەربڕینی ئەوانە هەموو بە شێوەی یاسا یاخود تیورێك دەبێ.

دەتوانین بڵێین زانستی کتێبخانە بەشێکە لە بەشەکانی مەعریفەو دراسەی تیوریو پراکتیکی دەگرێتەوە، هەرچیەك پەیوەندی هەیە بە کتێبو سەرچاوەی زانیاری وەك لایەنی پراکتیکی کە بەرهەم هێنانو هەڵبژاردن، دابینکردن، ریکخستن، دووبارە بەکارهێنانەوەی سەرچاوەی کتێبخانەیە.واتە بڵاوکردنەوەی سەرچاوەی زانیاری بۆ کۆمەڵگای کتێبخانە دەگرێتەوە،کە لە هەمان کاتا پەیوەندی بە لەلایەنی ئیداریو ریکخستنەوە هەیە.

لێرەدا چەند بنچینەو بنەمای پیشەیی هەیە تایبەتمەندانی بواری کتێبخانە کۆکن لەسەری وەك ئەم خالانەی لای خوارەوە :–

١– بوونی پرۆگرامێکی تیۆری بۆ لێکدانەوەو پاڵپشتیو پشتگیری بۆ شارەزابوون لە بواری پیشەیی دا.

٢– کارمەندانی کتێبخانە بگەنە ئەو ئاستەی لە ناوخۆیاندا بڕوا بەخۆیان بکەن کە لە پیشەکەیاندا توانیویانە تیورو پرۆگرامی زانستی وەرگرن و بە دەستیبهێنن، ئەم دەستکەوتەش بە شێوەیەکی رەسمی لە زانکۆدا دەستدەکەوێ.

٣– بوونی ڕێکخراوو کۆمەڵەی پیشەیی، بە رەزامەندی دەسەلاّتو کۆمەڵگا لەسەر بەشداریو هاوکاریکردنی لە ئاستی پیشەیی دا، بەهەند وەرگرتنو رێزگرتنی ئەو بڕوانامانەی لەو بوارەدا دەدرێ بە کارمەندانی کتێبخانە، سەرەڕای وەرگرتنی بە مەبەستی خزمەتو راژە.

٤– بوونی نەریتو بنەمایەکی سلوکیو ئەخلاقی، بۆ ڕێکخستنو کۆنترۆڵکردنی رەفتاری نێوان کەسانی هاوپیشەو هاوڕێ، لە هەمانکاتا لەگەڵ ئەوکەسانەی خزمەتگوزاری کتێبخانەیان پێشکەش دەکرێ، واتە پابەندبوونی پیشەیی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ کۆمەڵگەی کتێبخانە.

٥– ئامانجی سەرەکیو بنەرەتی پیشەیی بریتیبێ لە خزمەتکردنی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتیو بە تایبەتی کەسانی سوودمەندو میوانی کتێبخانە.

ئەگەر هەوڵی جێبەجێکردنی ئەو خالانەی سەرەوە بدرێ،یاخود ئەو بنەما سەرەکیانەی کتێبخانە دەبینین کتێبخانەکان دەگاتە باشترین ئاستی پیشەیی، بەلاّم ئەم راستیە هەموو کۆکنین لە سەری، هەیە بەگومانەوە دەڵێ کتێبخانە نەگەشتۆتە ئاستی پیشەیی بەرچاوودیار،

دەڵێن پێکهاتەی فکریو دەربرین بۆ کتێبخانەکان تاکو ئێستا لاوازە، دان پیادانانو رێزگرتنی هەندێ دام و دەزگای حکومەتو کۆمەڵگا بەرامبەر بە کۆمەڵەو ریکخراوەکانی کتێبخانە هێشتا لە ئاستی پێویستدانیەو لە پەراوێزدایە، سەرەڕای ئەوەی ئەو خزمەتەی کارمەندانو لێپرسراوانی کتێبخانەکان پێشکەشی دەکەن لە ناو خەڵکا ناگاتە ئاستی رێزگرتنی پیشەکانی تر، هەروەها لەلایەن دامو دەزگاکانی حکومەتەوە بە هەمان چاو سەیردەکرێن زۆر جار. هیوادارین حکومەتی هەرێم ئاوڕی جدی بداتەوە لەم لایەنە فەرامۆشکراوەی کە ئاوێتەی هەمو دام ودەزگاکانی حکومەت بووە بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ.

*سەرۆکی کۆمەڵەی کارمەندانی کتێبخانەکانی کوردستان

# کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم

یاسین قادر بەرزنجی*




**پێش نیوەڕۆی ٢٠٠٩/٣/٢٤ ،لە سەر وادەیەکی لەوەوبەر ،بەرەو کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید کەوتمە ڕێ،یادەوەریم گەڕایەوە بۆ نزیکەی ١٠ ساڵ لەوەبەر، ئەو دەمەی خوا لێخۆش بوو (نەدیم داگدەڤیرەن) سەردانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی کردو دوای یەکتر ناسین و باسکردنی کتێبخانەکەیان ،لای خۆمانەوە دوو کارتون لە کتێبە کوردییەکانمان کردە نۆبەرەی دیاریمان بۆ ئەو کتێبخانەیە ،لەوێشەوە پەیوەندییەك درووست بوو ، بە داخەوە مەرگی ئەو برا بەڕێزە لە ساڵی ٢٠٠٧ دا بووە هۆی پچڕانی ئەوپەیوەندییە و وا لەوڕۆژەدا بۆ هەمان مەبەستی پێویست روو لە کتێبخانەی کوردی ئەو وڵاتە ئەسکەندەناڤییە بووین .**

کتێبخانەی کوردی (kurdish biblioteket ) لە ستۆکهۆڵم کە ئەمە ناونیشانەکەیتی: ((16,172 73 sundbyberq vattuqatan )) لە لایەن برای بە ڕێز نەوزاد هروری بەڕێوەدەبرێت و چەند کارمەندێك یاریدەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ئەدەن .

### مێژووی کتێبخانەی کوردی

لە شوباتی ١٩٦٦ نەدیم داگدە ڤیرەن (١٩٥٣-٢٠٠٧) بە پشگیری دامەزراوی کلتوری ئایندە ،هەوڵیدا بۆ دامەزراندنی کتێبخانەی کوردی ، ئەم هەواڵەش لە میدیاکاندا بە بایەخەوە بڵاوکرایەوە،هێنانە دیی ئەم ئامانجە پێویستی بە هاوکاری و دەسگیرۆییەکی باش هەبوو ،چ لەلایەن سویدییەکان و چ لەلایەن کوردەکانەوە، بە تایبەت یارمەتی دەوڵەتی سوید و دۆستانی گەلی کورد ،ئەوە بوو شارەوانیی ستۆکهۆڵم بەو کتێب و گۆڤا ر بە لگەنامانەی لەلایان بوو هاوکارییان کردو کتێبخانەکە دامەزرا .

کتێبخانەکە لە دورگەی (شیپسهۆڵمن) لەناوەندی ستۆ کهۆڵمدا لە لایەن وەزیری ڕۆشنبیری (مارینائۆلڤسکوگ) لە رۆژی ١٠ ی مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٩٧ دا لەڕێورەسمێکدا بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی سویدی و کوردەکان کرایەوە .

لە دووساڵی سەرەتایدا لە لایەن (کۆمەڵەی دۆستانی کتێبخانە) وە سەریەرشتی لایەنی دارایی



**یاسین قادر بەرزنجی و نەوزاد هروری**

کتێبخانەکە کراو ساڵی ١٩٩٩ کتێبخانەکە وەك دامەزراوەیەك لە ژێر چاودێری ئەنجومەنی پارێزگاری ستۆکهۆڵمدا تۆمار کراو بە (وەقفی کتێبخانەی کوردی) ناونراو یەکەمین کۆمیتەی بە ڕێوەبردنی بە سەرۆکایەتی (کەللی کلیمینت) و بە بەڕێوەبردنی (نەدیم داگدەڤیرەن) دانرا ، سەرۆکی کۆمیتەکە لە کۆمەڵی دۆستانی کتێبخانەو جێگرەکەی لە فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان و دوو ئەندامیشی نوێنەرانی کۆمەڵەی کتێبخانەکانی سویدو کتێبخانەی مەلەکی بوون .

دوای کۆچی دوایی (داگدەڤیرەن) لە ٢٠٠٧/٣/٢ دا (نەوزاد هروری) بە بەڕێوەبەری دامەزراو بە پێی دەستوری وەقفەکە بووە سکرتێری کۆمیتەی بەڕێوەبردنی کتێبخانەکە .

لە سەرەتای دامەزراندنی کتێبخانەکەدا ،گروپی ڕاوێژکاران هەڵبژێردرا کە بریتی بوون لە :

جویس بلو: فەرەنسا
مارتین ڤان برونسن: هۆڵەندا
مایکل چایەت : ئەمریکا
میرەللاگەلێتتی : ئیتالیا
د. ئەمین حەسەنپوور : کەنەدا
یۆهانس مەیەر: ئەڵمانیا
د. عیزەدین مستەفا رەسولْ: کوردستان
د. عومەر شێخمووس : سوید

دواتریش هەریەك لە شکور مستەفا (کوردستان) و (شاکرێ خدۆ) بوونە ئەندامی.بەڵام بەهۆی ڕێکخستنی چالاکی گروپی راوێژەکاران ،لە ٢٠٠٧دا ئەو گروپە هەڵوەشێنرایەوەو کوردناس (ئەنسۆفی لیندبەر ) ی خاوەنی بڕوانامەی ماجستێر لە بواری (کتێبخانەی کوردی ) دا لە ٢٠٠٨دا لە جێی ئەوان و وەك ئەندامی وەقفەکە دامەزرا.

### ئامانجەکانی کتێبخانەی کوردی

کتێبخانەی کوردی دەزگایەکی بێ لایەنە و پەیوەندیی بە هیچ گروپ و لایەنێکی سیاسی و ئاینییەوە نییە.

ئامانجی سەرەکی کتێبخانەکە کۆکردنەوەوپاراستن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و زانست و زمان و ئەدەبیاتی کوردییە، هەر چۆن بایەخی تەواو دەدات بە هاوکاریکردن لەگەڵ دەزگاو کتێبخانەکوردستانی و جیهانییەکان،کە کاری کتێبخانەیی یان ئەرشیفی بەڕێوە دەبەن .

کتێبخانە لەرێی دیاری و بەخشیینەوە،یاخود کڕینەوە هەموبەرهەمێکی نووسراو وچاپکراوی وەك کتێب ،گۆڤار ،راپۆرت و وتار ،بەلگەنامەو پۆستەرو ..تاد ،کۆدەکاتەوەو دەیانپارێزێ .

هەموو ئەو بەرهەمانە بە پێی (کایەکاریی) کتێبخانە خانەبەندیی وتۆمارکردنیان بۆ ئەنجام دەدرێت ،بێجگە لەوانەش CD و کاسێتی گۆرانی بە رێك وپێکی تۆمارو پارێزاون .

بەرهەمەکانی نێو کتێبخانەی کوردی ، بە بێ جیاوازی و بۆ هەموو کەسێك لە بەردەستدان، هامشۆکەر دەتوانێ هەر لە کتێبخانەکەدا سوودیان لێ ببینێ یان دوای خواستن بیانباتە دەرەوە، هەرچۆن کار بۆ ئەوە دەکرێ بەشێك لە بەرهەمەکانی ناو کتێبخانە لە رێی ئینتەرنێتەوە بخرێتە بەر چاو .



**ستۆکهۆڵم.. پایتەختێ پڕ لەجوانی و کتێب و هونەر**

پۆلین کراون. هەموو کتێبەکان بە پێی بابەت و بە گوێرەی سیستمی کتێبخانەکانی سوید SAB تۆمارکراون ،دەتوانرێ لە ریێ ماڵپەڕی کتێبخانەوە تەماشای کاتالۆگی کتێبخانەکە بکرێ کە بریتییە لە ناوی کتێبەکان و نووسەرانیان ،کە ئەویش (www. kurdishlibrary.org)ە .

بێجگە لە کتێب و گۆڤارەکان ، بەرهەمی ئەکادیمیی وەك نامەکانی دکتۆراو ماستەر و توێژینەوەی زانستی کە بە زمانی کوردی ئامادەکراون .یان بە زمانی تر نووسراون وباسی لە کوردو کوردستان دەکەن لە زانکۆکانی کوردستان و جیهانەوە بۆ کتیبخانەکە نێردراون لەبەر دەستدان .

### چاپکراوی تر لە کتێبخانەکەدا

بێجگە لە کتێب ،زیاد لە ٦٠٠ گۆڤارو رۆژنامەی کوردی لە بەشی گۆڤارورۆژنامەکانی کتێبخانەی کوردیدا هەن ، هرچۆن گۆڤارەکانی نێو ئینتەرنێت لە ماڵپەڕی کتێبخانەکەدا بەر چاو دەکەون ، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەوتاری کوردی، یان ئەوانەی لە سەر کوردو کوردستان نووسراون لە کتێبخانەکەدا وەك ئەرشیف پارێزراون و خوێنەر دەتوانی کۆپییان بکات . بەهەمان شێوە ژمارەیەکی باش لە بەلگەنامەی پارت و رێکخراوە کوردییەکان ، یان ئەوانەی



**ئەڤین.. میوانی هەمیشەیی کتێبخانەکە**

ئامانجی کتێبخانەی کوردی ئەوەیە گەنجینەی کلتوری کوردی لە فەوتان و قەدەغەکردن و سانسۆر و شاردنەوە رزگار بکات و بە شێوەیەکی ئازاد بیانخاتە بەر دەستی هەرخاوەن مەبەستێك .

بێجگە لەوانە ،یەك لە ئامانجەگرنگەکانی کتێبخانە نواندنی چالاکیی هەمە جۆرە ،کتێبخانەی کوردی کۆڕو سیمینار دەبەستێ و پێشانگا و کۆری ناساندنی کتێب و چالاکیی منداڵان ساز دەکات. وێرای کتێبی کوردی ،کتێبخانە کاردەکات بۆ وەدەستهێنانی ئەو کتێبانەی بە زمانی تر نووسراون و باسی کوردو کوردستان دەکەن .

### کۆلەکسیۆنی کتێبەکان

کۆلەکیسۆن،یان کۆی بەرهەمە کۆکراوەکانی ناو کتێبخانە لە هەموو ئەو کتێبە کوردییانە پێکدێت کە بە دیالیکتە جیاوازە کوردییەکان نووسراون ، هەروەها هەموو ئەو کتێبانەی کە سەبارەت کوردن و بە زمانەکانی : ئەڵمانی و ئازەری و عەرەبی و ئەرمەنی و دانیمارکی و فارسی و فنلاندی وفەرەنسی وفلامانی وهۆڵەندی و ئینگلیزی وئیتالی وئیسلاندی وکەتەلانی ونەرویجی و پۆلۆنی و رووسی و ئیسپانی و سویدی و تورکی و یونانی نووسراون، ژمارەی کتێبەکان لە ئێستادا گەیشتووەتە (١٠) هەزار و ڕۆژ لە دوای رۆژیش لە زیادبووندان .

کتێبەکان بە پێی هەندێك پۆلێنی تایبەت لە کتێبخانەدا ریزبەند کراون، کتێبە کوردییەکان بە پێی زارەکانی (کرمانجی ،کرمانجی خواروو،زازاو گۆرانی)




**کتێبێك مێژووی کورد دەگێڕێتەوە**

پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە لەم کتێبخانەیەدا پارێزراون ،لەگەڵ بەلگەنامەی دیکە وەکو (پۆستەر، کورتە زانیاری، بانگەواز، راگەیاندنی رۆژنامەوانی ،دەستنووس، نیگار، نامە، بەرنامەکانی کۆبوونەوەو کۆنفرانس و ڤیستیڤاڵ، ریکلام و ساڵنامە) هەرچۆن ژمارەیەکی گونجاو لە وێنەی وێنەگرانی سویدی کە پەیوەستن بە کوردو کوردستانەوە لە گەڵ ژمارەیەك لە کارت و نەخشە و کاریکاتۆر لە کتێبخانەکەدا پارێزراون.

### خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەی کوردی

وێرای خستنە بەردەستی هەرچییەك خوێنەر بیەوێت لە نێو کتێبخانەدا بیخوێنێتەوە ،یان بیابینێ، دەتوانرێ لە رێی خواستنەوە چاپکراوەکان تا ماوەی یەك مانگ بخوازرێ بۆ دەرەوەی کتێبخانە، خاوەن مەبەستی دەتوانێ ئەو ماوەیەش درێژ بکاتەوە، بەڵام بە هیچ جۆرێك (کتێبی یەك نوسخەیی، کتێبی سەرچاوەیی، فەرهەنگ، گۆڤار و، رۆژنامە، بەلگەنامە و وێنە ) بە خواستن نادرێن .ئەمانە بێجگە لە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت کە لە کتێبخانەی کوردیدا هەیە و دەتوانرێ بە کۆمپیوتەری کتێبخانە، یان بە کۆمپیوتەری شەخسی هامشۆکەر خۆی بە ئینتەرنێتەوە گرێبدات. هاوکات خزمەتگوزارییەکانی فاکس و کۆپیکردن و سکانکردن لە کتێبخانەکەدا دابین کراون .

هەروەها بە پێی وادەی پێش وەخت، دەتوانرێ سەردانی کتێبخانە بۆ باخچەکانی منداڵان و قوتابخانەکان وتیم وگروپ و کۆمەڵەو وەفدە میوانەکان رێکبخرێت .

جێی سەرنجە دەوامی فەرمی کتێبخانەبمجۆرەیە :-

- سێ شەممەو هەینی : لە سەعات ١٠ ی پێش نیوەرۆ تاسەعات ٥ ی ئێوارە
- شەممە : لە سەعات ١٢ ی نیوەرۆ تا ٤ ی عەسر بەڵام لە مانگی تەمووزی هەموو ساڵێکدا کتێبخانە داخراوە .

### یاداشتنامەیەکی هاوکاریکردن لە نێوان هەردوو کتێبخانەی گشتی سلێمانی و کوردی ستۆ کهۆڵمدا

دوای سەردانەکەمان لە رۆژی ٣/٢٤ دا بۆ کتێبخانەی کوردی و دیداری هەریەك لە بەڕێزان (نەوزاد هروری و بەڕێوەبەری کتێبخانەو خاتوو میهمیت تەیڤون- پەڕتووکوان و نزار ئیبراهیم - یاریدەدەری پەڕتووکوان ) و بەسەر کردنەوەی هەموو بەشەکان و چالاکییەکانی کتێبخانەکە ، بە مەبەستی خزمەتکردن بە پەیامی کتێبخانەیی هەردوولاو برەودان بە کتێبخانە کوردییە ئاوەدانەکان ، یاداشتنامەیەکمان لەگەڵ بەڕێوەبەری کتێبخانەی کوردی ئیمزا کرد کە لە ئایندەی نزیکدا کار بکرێت بۆ ئاڵوگۆری چاپکراوی بە نرخ لە نێوان هەردوولادا، لایەنی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی کار بکات بۆ دابینکردنی چاپکراوی کوردیی نوێی دامودەزگاکانی چاپەمەنی لە کوردستاندا وهاوکات کتێبخانەی کوردیش کاربکات بۆ بە جێهێنانی گەشتی ژمارەیەك لە کارمەندانی کتێبخانەی سلێمانی بۆ کتێبخانەکانی وڵاتی سوید .

*شارەزا و جێگری بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی سلێمانی

# کتێبخانەی نیشتمانی

ئاری بابان*

**لەبەرگرنگی کتێبخانەی نیشتمانی لە کۆکردنەوەی کەلتوری نەتەوەی وپێویستی زۆری کوردستانی فیدرال بەو کتێبخانەیەو دامەزراندنی لە ئاینده دا لەسەربنەمایەکی زانستی, تاوەکو بتوانێت بە ئەرکی نیشتمانی خۆی هەستێت لە کۆکرنەوەی سەرجەم ئەو بابەتانەی لە کوردستان چاپ دەکرێن, یان دەربارەی کوردستان و کەلتورو مێژووی کورد چاپکراون, و بیبلیوگرافیای نیشتمانی بە شێوەیەکی بەردەوام ئامادە بکات و بیخاتە بەردەست هەموو ئەوانەی سوودی لێ وەردەگرن و کارتی تایبەت بۆ پۆلێن و فهرست دروست بکات و سەرجەم کتێبخانەکان یەك بخات لەو ڕووەوە, بۆیە بە پێویستم زانی ئەم نووسینە دەربارەی کتێبخانەی نیشتمانی ئامادە بکەم .**


کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی

وەك ئاشکرایە لە زوربەی زۆری وڵاتان دا کتێبخانەی نیشتمانی هەیە، چ بەناوی کتێبخانەی نیشتمانیەوە بێت یان بەهەر ناوێکی دیکەوە بێت. بۆ نموونە ((کتێبخانەی کۆنگرێس )) لە ئەمەریکاو ((کتێبخانەی مۆزەخانەی بەریتانی ))لە ئینگلتراو ((خانەی کتێب و بەلگەنامەی نەتەوەی ))لە میسر، کە ئەمانە هەموو ڕۆڵی کتێبخانەی نیشتمانی دەگێڕن .

((کتێبخانەی نیشتمانی ))وەك کارێکی سەرەکی خۆی هەوڵدەدات کەلتور و توراسی نەتەوە کۆبکاتەوەو ڕێکی بخات و بڵاوی بکاتەوە, بەڵام لە جیهانی ئەمڕۆی هاوچەرخ دا "کتێبخانەی نیشتمانی" لەڕێگای تەکنەلۆژیای پێشکەوتووە وە هەوڵ دەدات زانیاری کۆبکاتەوەو بە شێوەیەکی ڕێك و گونجاو هەڵیبگرێت و لە پاشان زانیاریەکان پەخش بکات و بیخاتە بەر دەست هەموو ئەو هاوڵاتیانەی دەیانەوێت سوودی لێ وەر بگرن .کەواتە "کتییێبخانەی نیشتمانی" وەکو پردێك لە نێوان تۆڕی زانیاری و کتێبخانەکانی وڵات دا کاردەکات.

کەواتە ڕۆڵی ئەو لەبواری ڕێکخستن و پیشەیی و تەکنەلۆژی دایە. لە هەندێك وڵات دا کتێبخانەی زانکۆ ڕۆڵی کتێبخانەی نیشتمانی دەبینێت، وەك دەزگایەکی لێکۆڵینەوە، هەروەکو کتێبخانەی زانکۆی نەرویج ئەو ڕۆڵە دەبینێت وهەتا ئەم ساڵانەی دوایش کتێبخانەی زانکۆی کوێت ئەو ڕۆڵی دەبینی وەکو کتێبخانەی نیشتمانی کاری دەکرد .

پێویستە جیاوازی لە نێوان کتێبخانەی نیشتمانی و خانەی بەڵگەنامەو ئەرشیفی نیشتمانی "دار الوثائق الوطنية " دا بکەین، لەبەر ئەوەی کتێبخانەی نیشتمانی دادەنرێت بە مەڵبەندێکی زانستی و مەوسوعی و ئینسکلوپیدیایی، هەوڵدەدات سەرجەم ئەو چاپەمەنییانەی دەستبکەوێت کە لەوڵاتدا دەردەچێت، یان ئەو سەرچاوانەی دەربارەی ئەو وڵاتە نوسراون... لە پاشان هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی و هەڵگرتنیو ئاگادارکردنی بە شێوەیەکی زانستی، ئەمانە هەموو ئەرکی ئەوە، چونکە مەڵبەندێکی سەرەکی کۆکردنەوەی ئەو چاپە مەنیانەیە. چەندە ئەم کارە پەیوەندی بە ئەرشیفی نیشتمانی یەوە هەیە، بەڵام هاوکاری و هاریکاری هەیە لەنێوان ئەو دەزگایەدا بەتایبەتی لەبواری خزمەتگوزاری بیبلیۆگرافیای نیشتمانیدا.

**چەند پێداویستیەکی گرنگ لە پێناوی دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتمانیدا**

پێش ئەوەی بریارِی ڕەسمی و فەرمانی کارگێری تایبەت بە دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتمانی دەر بچێت، پێویستە توێژینەوەیەك بکرێت دەربارەی ئەو بنەماو پێویستیانەی کە دەبێت وەك مەرجێکی سەرەکی لە دامەزراندنی هەر کتێبخانەیەکی نیشتمانی دا هەبێت، هەر وەکو جێگاو ڕێگای گونجاوو ئامێرەکان و کارمەندی پسپۆڕو ئەمیندارەکان و سەرچاوەی بوودجەو دارایی، ئەمانە هەموو پێداویستی و بنەمای سەرەکی دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتمانین.

کەواتە زۆر پێویستە بینایەکی گەورەو گونجاوی هاوچەرخ هەبێت وبەشێوەیەك ئامادە بکرێت، نەك تەنیا ئەو چاپەمەنیانە لە خۆبگرێت کە لە ناو وڵات دا بڵاودەبێتەوە، بە ڵکو پێویستە سەرچاوە سەرەکیەکانی کتێبە گرنگەکانی جیهان لە بابەتی هەمە جۆر، وەك ئەدەب و هونەر و زانیاری و ئیسکلوبیداو .. هتد لە خۆ بگرێت و ئامادەی بکات بۆ خوێنەران و توێژەران, وەك هەر کتێبخانەیەك کە بایەخ بەلێکۆڵینەوە دەدات، هەروەها پێویستە ئەو بینایە بتوانێت بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ کاری خزمەتگوزاری خۆی پێشکەشبکات و جێگای بەشەکانی کتێبخانەکەی تیا ببێتەوە. بۆیە زۆر پێویستە دامەزراندنی ئەو کتێبخانەیە، حکومەت لیژنەیەکی پسپۆرو شارەزا دروست بکات بۆ دیراسەکردنی چۆنیەتی دامەزراندن و دەست نیشانکردنی جێگاو ڕێگای گونجاو .

زۆر جار ڕێکخراوی "یونسکۆ" یان هەر ڕێکخراوێك لەو ڕێکخراوانەی پەیوەندیان بە کتێبخانەوە هەیە هاوکاری دامەزراندنی دەکەن و یارمەتی دەوڵەت دەدەن لە دروستکردنی کتێبخانەی نیشتمانی، چونکە شارەزاییەکی باشیان لەو بارەیەوە هەیە و ئەزمونێکی باشیان کۆکردۆتەوە .

لە پاشان زۆر پێویستە ژمارەیەکی گونجاو لە ئەمینداری کتێبخانە ئامادە بکەن، سەرەڕای چەندین یاریدەدەر و کارگێری کارامە، لەبەر ئەوەی سەرکەوتنی ئەو کتێبخانەیە دەکەوێتە سەر لێهاتوویی و کارامەو شارەزایی ئەو کارمەندانەی لەو کتێبخانەیەدا بۆ کارکردن دەست نیشان دەکرێن. لێرەدا زۆر پێویستە پەنا بەرینە بەر کتێبخانەی نیشتمانی وڵاتانی دیکەو سوود لە ئەزموون وئەرکوکارو مسوولیاتی کارمەندانی وەربگرین . هەر چەندە لەوە پێویستتر ئەوەیە شان بەشانی سود وەرگرتن لە شارەزاو کارمەندی دەرەوەی وڵات، لەسەرجەم بەشەکانی کتێبخانەدا کارمەندی خۆمان دابنێن بۆ ئەوەی ئەزمونی ئەوان وەربگرین و خۆیان کارەکان ئەنجام بدەن, ئەمەش بەوە دەکرێت بوارێکی باش بۆ کارمەندی کتێبخانەی خۆمان خۆش بکەین بتوانن سەردانی کتێبخانەکانی دەرەوەی وڵات بکەن و لە نزیکەوە ئاگاداری ئیش و کارو ئەزموونی ئەوان بن، تاوەکو بتوانن بە شێوەیەکی ڕێکوپێك پلان دابنێن بۆ ئەو کتێبخانەیە . بێگومان پلان دانان و بە ڕێوەچوون و ئیش و کاری ئەو کتێبخانەیەش دەکەوێتە سەر ئەو بودجەیەی بۆی تەرخان دەکرێت، کە دەبێت بە جۆرێك بێت بتوانێت کارە خزمەتگوزاریەکانی خۆی پێ بەڕێوەبەرێت .

**هەندیك لە ئەرکە سەرەکییەکانی کتێبخانەی نیشتمانی**

١- کۆکردنەوەی کەلتورو توراسی نەتەوە, کە ئەمە ئەرکی سەرەکی هەموو کتێبخانەیەکی نیشتمانیەو دەبێت هەوڵ بدات بەرهەمە فیکریەکانی ئەو نەتەوەیە کۆبکاتەوە و رێکیان بخات و هەڵیان بگرێت و بیان پارێزێت و لە پاشان بڵاویان بکاتەوەو بیان گەیەنێتە خوێنەر. بێگومان بەرهەمە فیکریەکان هەمە جۆرن: وەك کتێب و دەستنووس و فیلم و ئیستوانە و شریت و هتد. لەگەڵ ئەمانەدا سەرچاوەی گرنگی زانستی کۆدەکاتەوەو بەم شێوەیە دەبێتە بێگەیەکی گرنگی لێکۆڵینەوە.

٢- دەرکردنی بیبلیۆگرافیای نیشتمانی: ئەمەش یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی کتێبخانەی نیشتمانی و پێویستە ئەو ببلیۆگرافیایە بە شێوەیەکی بەردەوام و دەوری دەربچێت و سەرجەم ئەو بەرهەمانە لە خۆبگرێت کە بڵاودەبێتەوە لەو وڵاتە یان لەو هەرێمە و هەوڵ بدات سەرجەم ئەو بەرهەمە فیکریانەش کۆبکاتەوە لە دوتوێ ئەو بیبلیۆگرافیایە کە لەدەرەوەی ئەو وڵاتە بڵاوکراوەتەوەو بابەتەکەی دەربارەی ئەو نەتەوەیەیە یان لەسەر ئەو وڵات و هەرێمە نوسراون .

ئەو بیبلیۆگرافیایە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ توێژینەوەی زانستی و بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی نەتەوەو ووڵات. هەروەها سوودی زۆرە بۆ پۆسەی هەڵبژاردنی کتێب و چاپەمەنیەکان بۆ سەرجەم کتێبخانەکانی دیکەی ئەو وڵاتە، یان ئەو دامو دەزگایانەی گرنگی بە سەرچاوەی زانستی دەدەن.

دەرکردنی بیبلیۆگرافیای نیشتمانی کارێکەو خۆئامادەکردنێکی زۆری دەوێت و پێویستە لیژنەی پسپۆڕ سەرچاوەو کەشاف و پیداویستیەکانی ئەو کارە ئامادە بکەن. ئالێرەوە گرنگی هاوکاری. هەر لێرەشەوە دەتوانین بڵێین ئێمە ئەزموونی باشمان نیە لە سەر ئەو کارە و پێش دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتمانی پێویستە کەسانی شارەزاو پسپۆڕ سەردانی کتێبخانەی نیشتمانی وڵاتانی دیکە بکەن و لە نزیکەوە ئاگاداری ئەزمونەکەیان بین و خولی تایبەتی دەربارەی زانستی کتێبخانە ببین .

٣- پەیدا کردنی سەرچاوە گرنگەکان و ئینسکلوپیداو فەرهەنگە بەکەڵکەکانی زۆر پێویستە بۆ توێژەران و ئەوانەی کەڵکی لێ وەردەگرن .


کتێبخانەی مۆزەخانەی بەریتانی

ئەمڕۆ لە جیهاندا، هەموو دەزانین کە بڵاوکراوەکان ئەوەندە زۆرن، مەحاڵە هیچ کتێبخانەیەك بتوانێت ئەو بڵاوکراوانە کۆبکاتەوەو خۆبگرێت. بۆیە دەبێت هەر کتێبخانەیەك بەپلانێکی وردو لێکۆڵینەوەیەکی باش، کۆمەڵێك سەرچاوەی باشی دەست کەوێتو بەباشی لەنێوان بابەتو بەشەکانی کتێبخانەدا هاوسەنگییەك ڕابگرێت. هەروەها پێویستە پلانمان هەبێت بۆ دواڕۆژو وەرگرتنی دیاری و گۆڕینەوەو گەورەکردنەوەی بەشەکان. لەبەر ئەوەی پەیوەندی کتێبخانەی نیشتمانی بەکتێبخانەی دیکەوە، چ لە دەرەوەی وڵات، یان لە ناوەوە گرنگییەکی زۆری هەیەو پێویستە لەو ڕێگایەوە زانیاری بگۆڕێتەوەو بەشەکانی کتێبخانەکە دەوڵەمەند بکەینو گەشەی پێبدەن.

٤- پێویستە کتێبخانەی نیشتمانی ئەڵقەیەکی پەیوەندی بێت لە نێوان سەرجەم کتێبخانەکانی ناوەوەی وڵات لەلایەکەوە و پەیوەندی لەگەڵ کتێبخانەی نیشتمانی وڵاتانی دیکە دا دروست بکات، بۆ مەبەستی وەرگرتنی ئەزموون و گوڕینەوەی زانستی هەروەها هەڵقەیەك بێت لە نێوان دەزگاکانی خزمەتگوزاری ببلوگرافیای نێودەوڵەتیو ڕۆڵی بنکەی زانیاری ببینێت لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی سەبارەت بەسەرچاوەکانی زانیاری دەکرێن ئەمەش کەسانی پسپۆڕو شارەزای دەوێت لەدروستکردنی ئەو پەیوەندی و گۆڕینەوەی زانیاریانەدا.

٥- ڕێکخستن و چاککردنەوەی ئەو کارە هونەریانەی لە کتێبخانەکانی ناو وڵات یان هەرێم دا ئەنجام دەدرێت، بێگومان ئەو کارە هاوبەشانەش زۆرن، بەڵام گرنگیەکانی ئەمانەن:-

a- دروستکردن و یەکخستنی کارتی پێرست و پۆلێنکردن بۆ سەرجەم کتێبخانەکانی ناو هەرێم، کە ئەم کارە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی سەرجەم کتێبخانەکان سیستەمێکی دیارو گونجاو پەیڕەوبکەن و خوێنەران و توێژەران بە ئاسانی لە ڕێگای یەکخستنی کارتەکانەوە بتوانن بە ئاسانی لە کتێبخانەکاندا بگەنە ئەو سەرچاوەیەی دەیانەوێت سوودی لێ وەرگرن.

b –دروستکردنو بایەخدان بە پێرستی وەسفیو یەکخستنیو سوود وەرگرتن لەتایبەتدمەندی شوێنەکە، بەتایبەتی یەکخستنی، سەرە بابەتەکانی نێو کارتی کتێبخانە.

c - بایەخدان بەو گونجاندنو چاکردنەوەی زۆر پێویستە لەپۆلێنکردندا بکرێت، تاوەکو پۆلێنکردنەکە لەگەڵ ئەو وڵاتو هەرێمەدا بگونجێت، بەتایبەتی لە بواری زمانو ئەدەبو مێژوودا. هەروەکو لەکتێبخانەی عەرەبیدا "زاهیدە ئیبراهیم " پشتیبەست بەپۆلێنکردنی "دیوی"چاککردنێکی گونجاوی بۆ کتێبخانەی عەرەبی داناوەو ئێمەش پێویستیمان بەو کارە هەیە بۆ کتێبخانەی کوردی .

٦- مەشق کردنو فێرکردنو لێکۆڵینەوەو بڵاوکردنەوە لەبواری کتێبخانەکاندا، ئەمەش بەهاوکاری نێوان سەرجەم کتێبخانەکانی دیکەدا دێتە بەرهەمو پێویستە هەوڵ بدەن لەڕێگای خولی زانستییەوە کارمەندی لێهاتوو پێکبهێننو شارەزایان ئامادە بکەن بۆ خزمەتکردن لەبواری کتێبخانەکاندا. بێگومان ئەمەش پێشتر پێویستە بەڕێوەبەرو مامۆستایانی ئەو خولانە خۆیان ئەزموون و زانیاریەکی باشیان پەیداکردبێت لەبینینی کتێبخانە گرنگەکانی وڵاتانی دیکەو ئەو ئەزمونە بگوێزنەوە بۆ ئێرە و توانای ئەوەیان هەبێت کادیرو شارەزایان لە بواری کتێبخانەدا دروست بکەن.

ئەم خاڵانە بە کورتی مەرجی کردنەوەی کتێبخانەی نیشتمانی و پێویستە پێش دامەزراندنی ئەو کتێبخانەیە چەندین لیژنەی شارەزاو پسپۆڕ لێکۆڵینەوە لەم بارەیەوە بکەن و ڕاو بۆچوونی خۆیان پێشکەش بەحکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، تاوەکو بتوانین کتێبخانەیەکی وا دروست بکەین بتوانێت بە ئەرك و کاری خۆی هەستێت و کتێبخانەیەکی نیشتمانی هاوچەرخ بێت ......


خانەی کتێبو بەڵگەنامەی نەتەوەیی لەمیسر

*شارەزاو بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

# کورتە ناسینێك بۆ کتێبی کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا

بوار نورەدین*




**کتێبی (کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا) یان سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، لەلایەن مامۆستا (سەعید ناکام)ەوە لە زمانی تورکییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە، کۆڕی زانیاری کورد لە ساڵی (١٩٧٩) چاپیکردووە و بڵاویکردووەتەوە، هەر لە چاپخانەی (کۆڕ) لە بەغدا چاپکراوە و ژمارەی سپاردن (١٢٤٨)ی هەمان ساڵی وەرگرتووە. نرخی (٧٥٠) فلس بووە و (٢٠٠٠) دانەی لێ چاپکراوە و لە (٣٧٢) لاپەڕەی قەوارە (١٦ بە ٢٣،٥) سم پێکدێت.**

**ئەم کتێبە بەشێکە لە کتێبێك بە ناوی (سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی) کە لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەی زایینیدا بە زمانی تورکی عوسمانی نووسراوە و لە (١٠) بەرگ پێکدێت. پێنج نوسخەی دەستخەتی سیاحەتنامە لە مۆزەخانەی ئەستەمبوڵە.**

بۆ یەکەمجار لە قاهیرە لە ساڵی (١٨٤٨)دا لە چاپخانەی (بولاك) بەناونیشانی (مونتەهاباتی ئەولیا چەلەبی) چاپکراوە. ئەحمەد جەودەت و نەجیب عاسم بەگ، بەپێی ئەو نووسخەیەی کە لە کتێبخانەی (پەرتەو پاشا)دا هەبووە لە ساڵی (١٨٩٦)دا لە ئەستەمبوڵ دەستیان کردووە بە چاپکردنی تاکو ساڵی (١٩٠٢) شەش بەرگی چاپکراوە، بەرگی حەوتەم و هەشتەم لە ساڵی (١٩٢٨)دا لەلایەن ئەنجوومەنی مێژووی تورك و بەرگی (٩ و ١٠)ی لە ساڵی (١٩٣٨)دا لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی میللیی تورکیاوە، چاپکراون. دواتر لەلایەن چەند لێکۆڵەرێکەوە، بەرەبەرە لە ناوەڕاستی سەدەی بیست بەرهەمەکە لە (١٠) بەرگ و بەشێوەیەکی کورتکراو و هەڵبژاردراو، چاپکراوەتەوە...

کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا، کە وەرگێڕ ئەم ناونیشانەی بۆ هەڵبژاردووە، بەرگی چوارەمی "سیاحەتنامە" یە و وەك ناوەڕۆك، کۆمەڵێك ناونیشانی زۆر لەخۆدەگرێت، لەوانە: پێشەکی/ قەڵای مەلاتیە/ قەڵای ئەگیل/ قەڵای ئەرغنی/ قەڵای قەرەئامێد یا شاری دیاربەکر/ زێی شەتولعەرەب/ جەزیرەی گەورە/ قەڵای ماردین یا تەختی دارا/ قەڵای خاتونییە/ قەڵای شەنگار/ قەڵای میافارقین/ قەڵای حەزۆ/ شاری جالندر یا قەڵای کفندر/ چاوپێکەوتنی مەلیك ئەحمەد پاشا و خانی پایە بەرزی بتلیس و میوانداری گەورە/ شێوە زەوییەکەی قەڵای بەتلیس/ قەڵای خۆشاب/ کوردەکانی مەحموودی/ قەڵای ئارەجك/ قەڵای ئاباغای/ قەڵای پنیانش/ قەڵای قوتور/ قەڵای ژێروو/ قەڵای وان/ کۆنە شاری ئەخلات/ قەڵای ئەخلات/ قەڵای عادلجەواز/ قەڵای ئەرجیش/ قەڵای بارگر/ قەڵای ئامیق...تاد.

هەروەها لەگەڵ باسکردنی قەڵا و شار و ناوچەکاندا، تیشکی خستووەتەسەر کۆمەڵێك بابەتی دیکەی وەك: بنەماڵە و خانەدانەکان/ گەڕەك/ مزگەوت/ سەرا و خانووبەرە/ کاروانسەرا/ قەیسەری و بازاڕ/ گەرماو/ ناوی ئافرەتەکان/ کڵێساکان/ بەرهەم و خواردن و میوە/ کار و کاسبی/ ڕووبار/ فێرگەکان/ جلوبەرگی پیاو و ژن/ زمان و شێوەی ئاخاوتن/ سەیرانگاکان/ حەکیم و پزیشك/ شاعیرەکان/ کارە سەیرەکانی پاڵەوانان/ حکومەت و سوپا و کارگێڕی/ وەلی و دێوانەکان...تاد.

ئەولیا چەلەبی، لە زۆربەی ناوچەکانی باکووری کوردستاندا گەڕاوە و دەستیکردووە بە نووسینەوەی ئەو شتانەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ و ناوچە بە ناوچە و شار بە شار و قەڵا بە قەڵا دیویانە و گوزەریان پێداکردووە، کە لەسەر چۆنییەتی کەلەپوور و ژیان و ژیار و شارستانی گەلی کورد لەسەدەی حەڤدەدا، بە یەکێك لەسەرچاوە هەرە بایەخدارەکان دادەنرێت.

(ئەولیا چەلەبی) (تورك) زمان و میرزای سوڵتانی عوسمانی (مەلیك ئەحمەد پاشا) بووە، کە لە یەکەم ڕۆژی مانگی جیمادی یەکەمی ساڵی (١٠٦٥)ی کۆچیدا، بە هاوڕێیەتی سوڵتان، یەکەم ڕۆژی گەشتەکەیان دەستپێکردووە، واتە نزیکەی (٣٧٥) ساڵ لەمەوبەر، ئەم کتێبە نووسراوە.

دەربارەی ئەم کتێبە وەرگێڕ لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ: ((هەروەك چۆن کەنگر هەڵکەنێك پیشك بۆ کەنگر دادەوەشێنێ، منیش بەوشێوەیە کەوتمە وێزەی ئەم کتێبە، بەڵام لە بری کەنگر (کوپەڵە زێڕم) وە چنگ کەوت. هەروەها دەڵێ: من بە تەمای کتێبێکی تورکیی بووم کە سەرەتاکەی بە حەمد و سەنای (سوڵتانولبەڕڕەین وە خاقانول بەحرەین) دەستپێدەکات و ناوەڕۆکی بریتیە لە فیشاڵ و خۆگیڤکردنەوە و بە ڕێکەوت نەبێ خۆی لە قەرەی ڕاستییەك نادات کە بەرژەوەندی خۆی تێدا نەبێت. کەچی وانەبوو؟!)).

هەر لەو پێشەکیدا دەڵێ: ((ئەگەر بیروڕای سۆفیانەی نووسەری سیاحەتنامە لە بارەی ئایینەوە بخەینە ئەولاوە چونکو کەمتر پەیوەندی بە مەبەستی ئێمەوە هەیە، دەتوانین بڵێین ئەو شتانەی دیونی و زانیونی بەوپەڕی ڕاستی و دەست و دڵپاکییەوە نووسیونی و نووسینەکانی کەم تا زۆر بۆنی ڕەگەزایەتی و هەڵاواردن و جیاوازکاری لێ نایێ. میر شەرەفخانی بتلیس وەکو مێژوونوسێکی کورد کتێبی شەرەفنامەی نووسیوە. ئەولیا چەلەبیش ئەم سیاحەتنامەی بۆ تۆمارکردنی دیتن و بیستنەکانی خۆی لە وڵاتەکانی عوسمانیدا نووسیوە، کەچی بۆ ئەوەش دەشێ ئەم بەرگەیان ناوی (کوردستان نامە)ی لێبندرێ، چونکو گەلێك لەو شتانەی دەربڕیوە کە شەرەفنامە خۆی لێبواردووە)).

ئەم کتێبە لەلایەن (فارووق کەیخوسرەوی)ەوە، لەسەر وەرگێڕدراوە کوردییەکەوە، بۆ زمانی فارسیش وەرگێڕدراوە و لە ساڵی (١٣٦٤)ی هیجری قەمەری (١٩٨٥) لە ئینتیشاراتیی سەلاحەددینی ئەییوبی- ورمێ بەناوی (کرد در تاریخ همسایگان- سیاحتنامە اولیا چلبی)، بە تیراژی (٣٠٠٠) دانە لە چاپخانەی (سپهر) لە تاران چاپکراوە. نرخی (٧٥٠) ڕیاڵ بووە و لە (٢٩٩) لاپەڕەی قەوارە (١٦ بە ٢٣,٥) سم، پێکدێت. هەروەها وەرگێڕی کوردی- فارسی بەپێچەوانەی مامۆستا سەعید ناکامەوە لە پێشەکییەکەیدا (لا: ١٠) دەڵێ: ((من بە پێچەوانەی وەرگێڕی کوردی دەڵێم: هەرچەندە نووسەرە تورکەکان هەوڵیان داوە کە لە نووسینەکانیاندا بێلایەن خۆیان دەربخەن، بەڵام ئەم کتێبە دەمارگیری ڕەگەزیی سوڵتانەکان و وابەستەکانی دەسەڵاتی عوسمانی بەشێوەیەکی گشتی و بە ڕوونی دەردەخات، هەروەها تاڕادەیەکیش نیشاندانی بوونی ئەم ڕەگەزپەرستییە لە نووسینی ئەولیا چەلەبی دا دیارە)).

لەڕاستیدا، ئەم کتێبەی ئەولیا چەلەبی کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە و باسوخواسی لەسەر کراوە، بەتایبەت نووسەران و خورهەڵاتناسانی وەك مارتن ڤان برویستن و جیمس ڕیدز، هەروەها ئامادەکاری ئەم بابەتەش بەپشتبەستن بەم کتێبە پڕبایەخە و کۆمەڵێك سەرچاوەی دیکە، لێکۆڵینەوەیەکی بەناوی (میر عەبدال خانی بدلیس/ بلیمەتێکی فەرامۆشکراو) ئەنجام داوە. لێرەدا واز لەم باسە دەهێنین و چەند کورتە تەوەر و باسێکی لێدەخوێنینەوە:

لە لاپەڕە (٤٩)دا لە باسی بازاڕەکانی شاری دیاربەکردا دەڵێ: ((لە دیاربەکردا ئەو شیر و دەمانچە و قوڵنگ و تەور و تەوەرزین و خەنجەر و رمب و نووکە تیرانەی دروست دەکرێن، لە دنیادا بەناوبانگن. ئاسنگەر و وەستاکار و مسگەرەکانی لە کاتی کارکردندا چەکوچەکانیان لەسەر ئاوازی مۆسیقا دەوەشێنن و مەقامی سێگا و حوسێنی و ئیدیکەی پێ لێدەدەن و خۆشیان لەگەڵی دەڵێن. هەر کەس گوێی لێبێ پێی ڕۆشتنی نامێنێ، مزگەرەکانیان لە درووستکردنی قاپەکاندا و زێڕنگەرەکان لە کاری زێڕ و بەردی بەنرخدا، بێوێنەن و وەستای قەڵەمکاریان لە وێنە و نیگارکێشاندا پێش مانی و بەهزاد کەوتوون)).

هەروەها لە لاپەڕە (٨٢)دا لە بابەتێکدا بە ناوی (باسێکی کوردە پرچنەکان)دا دەڵێ: ((لاییێکی چیای شەنگار (چیای پرچن)ی پێدەڵێن چونکو دانیشتوانی وەکو ئافرەت پرچ بەردەدەنەوە. زۆر پیس و چڵکنن و سەریان پڕە لە ئەسپێ و مێتولکە، بووزووی ڕەنگاوڕەنگ دەکەن بە شاڵ و شەپك، پشتێنی هەرير دەبەستن و مێزەریان شەدە و هەریری ڕەنگاوڕەنگە، پێڵاویان کاڵە و یەمەنی و کاڵەی کلکدار و پوچڵی و پێنەدی و سەدی و هەزاری و کەپکەپلییە. چونکو شوێنەکەیان چیایە و ڕێگای بەردەڵان و سەختە، چەکەکانیان بریتییە لە شیر، خەنجەر، تفەنگ و جاب-جاب، کە شتێکە نیشانچییەکانی عەنتاب بۆ تیرهاویشتن لەبەر پشتی خۆیانی قایم دەکەن، لە تفەنگ هاویشتنا ئەوەندە دەست ڕاستن، چاوی کێچ و ئەژنۆی وشتر دەپێکن، تفەنگەکانیان ببینن بە پولێك نایکڕی، کەچی زۆر بە وردی نیشان دەنگێون)).

هەروەها دەڵێ: ((منداڵیان هەتا دەگاتە دە ساڵی کۆرپە و ساوایە، بەڵام کە تێپەڕیکرد خۆی وەکو پیاوی بیست ساڵ پیشاندەدات. کە منداڵیان بوو لە پێش هەموو شتێکدا شیری سەگی ڕەشی دەرخواردەدەن. لە ناو ئەمانەدا هەر کەس بەرد بۆ سەگێك ڕاوەشێنێ دەسبەجێ دەکوژرێ، ورد و درشتیان یەکی سەگێکیان هەیە، کە هاتنە سەر نانخواردن لە پێشدا بۆ سەگەکەی دادەنێن، کە ئەو تێربوو، جا خۆیان دەستپێدەکەن، سەگەکانیان لەگەڵ خۆیان دەنوێنن، سەگێکی ڕەش بە هەزار قرۆش و دە ئێستر سەودا دەکرێ. ئەم کوردانە بۆ هەر کوێیەك بچن پیواز و نان و شیرێژیان لەبەر پشتایە، لە کن ئەوان هەر کەس بە مست پیوازێك پان بکاتەوە، سەری پان دەکەنەوە، سەیرتریش ئەوەیە کە یەکێکی دەوڵەمەندیان بمرێ، بە ئاوی پیواز دەیشۆن و قەبرەکەشی پڕدەکەن لە پیواز)).

ئەولیا، دەربارەی کوردە پرچنەکان کە مەبەستی لە برا ئێزدییەکانی ناوچەی شنگال و شێخانە، قسە و باسی زۆری نووسیوە کە بێگومان هەموویان ڕاست و تەواو نین...؟!

هەروەها لەم کتێبەدا خاڵێکی زۆر گرنگ دەردەکەوێت، ئەوەیە کە بە قەڵەمی خۆیان باس لە کوشتاو و تاڵان و بڕینی "عوسمانییەکان" دەکات لەبەرامبەر ئەم چینەی نەتەوەی کورد... هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەم کتێبە لە زۆر لایەنەوە بایەخی تایبەتی هەیە، بەپێویستیشی دەزانم کە لەلایەن یەکێك لە دەزگاکانی چاپ بڵاوکردنەوەوە، بۆ جاری دووەم چاپ بکرێتەوە...

تێبینی: بۆ بەدواداچوونی فرەتر و دۆزینەوەی ئەو سەرچاوانەی کە بۆ نووسینی ئەم بابەتە کەڵکیان لێوەرگیراوە، بڕوانە: کتێبی ((میر عەبدال خانی بدلیس/ بلیمەتێکی فەرامشکراو، چاپی دووەم، چ (شڤان) سلێمانی، ٢٠٠٨)).

*نووسەرو لێپرسراوی بەشی دابەشکردنی کتێب لەکتێبخانەی گشتیی سلێمانی

# سەرەتاکانی دروستبوونی کتێبخانەوگەشەسەندنی

یوسف حەمە سەعید*

لەگەڵ گەشەسەندنی هزری مرۆڤایەتی، مرۆڤ ویستویەتی زانیارییەکان بگەیەنێ بەنەوەی دوای خۆیو بەئاماژە گوزارشتی لەڕووداوەکان کردووە، بۆیە بە شێوەی وێنە زانیارییەکانیان لە سەربەردودارو ئەشکەوتەکان هەڵکۆڵیوە بۆ دەربڕینو گەیاندنی زانیارییەکانی مرۆڤی ئەو سەردەمە، پاشان بە شێوەی ڕەمز، زانیارییەکانیان تۆمارکردووە تاگەشەی کردووە بۆ شێوەی نووسینی بزماری و هێرۆگلیفی و هیراتیقی و زۆریان بەنەخشی جوان ڕازاندویانەتەوە .

لە دێرزەمانەوە کەسانێك ویستویانە ئەو نووسراوانە بپارێزن، بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەزانیارییەکانیو لەشوێنی تایبەتدا کۆکراونەتەوەو کە بەسەرەتای کتێبخانە دادەنرێت و لە دۆڵی نیل و رافیدەین نموونەی زۆر دۆزراونەتەوە لەو جێگایەنەدا کە زانیاریی ئەو سەردەمانەی تیا کۆکراوەتەوە کە زۆربەیان لەسەر تاتی قوڕین و قەدی دار نووسراون .

کتێبخانەی دۆڵی رافیدەین :

١-( خزانە نفر ) کە لە خواروی شاری بابل دۆزراوەتەوە و لە ساڵی ( ١٨٨٩) کە دوو هەزار لەو تاتە قورینانەی تیا بووە .

لە ساڵی ( ١٨٩٠) هەشت هەزار تاتە قوری تر دۆزراوەتەوە و لە ساڵی(١٨٩٦) دا بیست هەزاری تر دۆزراوەتەوە کە مێژوویان دە گەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٧٠٠-٢١٠٠ ( پ . ل ) کە بەرهەمی بیری سۆمەرییەکان بووە .

زانیاریی ناو ئەم تاتە قورینانە بریتی بوون لەمانە :

١- پزیشکی ٢- فەلەکی ٣- وەرزشی ٤- خشتەی باج ٥- جوگرافیاو وێنەی شاخ و ڕوبارو دارودرەختی ئەو سەردەمە.

٢ – کتێیبخانەی نەینەوا (ئاشور بانیپال) کە لەسەردەمی پاشاکانی ئاشوریەکان دروستکراون و ئاشوربانیپال ٦٦٧- ٦٢٨ (پ.ل ) و سرحدون ٧٢١- ٧٠٥(پ.ل) کە چیرۆكو حیکایەتیو هەواڵی ئەو سەردەمەی لەسەرتۆمارکراوە، هەروەها چەند کتێبخانەیەکی دیکە لە دۆڵی رافدەین دا هەبوون، ئەوانیش:

١- خزانە کیش: ٢٠٠٠ پ.ل ڕۆژهەڵاتی بابل.

٢- خزانە نوزی: ٣٠٠٠ پ.ل خوارووی ڕۆژئاوای کەرکوك

٣- خزانە ئارۆك یان وەرس: خوارووی عێراق.

٤- خزانە ادب: ( ٢٤٠٠- ٥٦١ ) پ. ل خوارووی ڕۆژئاوای تعز

٥- خزانە اگلال : ( ٦٠٤ – ٥٦١ ) پ.ل خوارووی بابل.

٦- خزانە سبار: خوارووی ڕۆژئاوای بەغداد.

٧- خزانە تل مرمل : نزیك سەربازگەی رشید لە بەغداد

گرنگترین کتێبخانە دێرینەکانی دۆڵی نیل کتێبخانەی ئەسکەندەرییە یە، کە لەگەورەترین کتێبخانەی دۆڵی نیلەو لەسەر دەستی (بەتلیموس) یەکەم پاشای ئەسکەندەرییە دروستکراوە لە ( ٣٠٠ساڵ پ.ل ) زانیارییەکانی ئەم کتێبخانەیە لەسەر ڕووەکی بەردی تۆمارکراون. پاش گەشەکردنی زانستەکان، لەسەر پێستی ئاژەڵو پارچە قوماشی ئاوریشم دەنووسرانو پاش دۆزینەوەی کاغەز لەلایەن چینیەکانەوە وگەیشتنی بە دۆڵی ڕافیدەینو دۆڵی نیلو بەکارهێنانی مرەکەب بۆ نووسین و بەکارهێنانی قەڵەمی قامیش،


کتێبخانەیەکی دێرین

گەشەکردنێکی باشی بەخۆوە بینی لەڕووی هەرزانی نرخ وەبچوككردنەوەی کتێب لە ڕووی قەبارەوە لەچاو تاتی قوڕینو پێستی ئاژەڵ، کەسانێکی زۆر کە خەتیان جوان بوو بە دەستنووس کتێبەکانیان دەنوسیەوە وپێیان دەوترا ( وەراق) دۆزینەوەو بڵاوبوونەوەی چاپخانەکە بووە شۆڕشێکی گەورە بۆ بڵاوبوونەوەی زانستو زانیاری وگەشەکردنی هەموو جۆرەکانی زانست لەو سەردەمەدا.

کتێبخانەکان بەردەوام بوون لە گەشەسەندن هاوشانی گەشەسەندنی تەکنۆلۆجیا و درووستبوونی سەرچاوەی جیاجیا وەك کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەولێکۆڵینەوەوبەرهەمەکانی بیستن وبینین......هتد.

تازەترین تەکنولۆجیا کە تۆڕی ئەنتەرنێتە دەورێکی زۆری بینیوە لەبڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لەخێرایی پەیوەندیی نێوان کتێبخانەکانو بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان بەهەموو زمانێك کە بە(انفجار المعلومات) ناسراوە، زانیارییەکان ئەوەندە زۆر بوون مرۆڤ فریاناکەوێ ناونیشانەکانیشیان بخوێنێتەوە. کتێبخانەکانیش هەمەجۆربوون، وەك:-

١-کتێبخانەی نیشتمانی
٢-کتێبخانەی گشتی
٣- کتێبخانەی زانکۆیی
٤-کتێبخانەی مۆزەخانە
٥- کتێبخانەی قوتابخانەکان
٦- کتێبخانەی ڕێکخراوەکان
٧- کتێبخانەی دامودەزگا حکومیەکان
٨- کتێبخانەی ئەوقاف
٩-کتێبخانەی گەڕۆك

**سەرنج :**

بۆ نووسینی ئەم وتارە سوود لە پرۆگرامی خوێندنی بەشی کتێبخانەو زانیارییەکانی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ و بەتایبەت هەردوو وانەی (تەکنیکی زانیارییەکان) و (کتێبخانەکان بە درێژایی مێژووە جیاوازەکان ) وەرگیراوە

*لێپسراوی بەشی (فهارس) لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

# کۆمونیکەیشنی خوێنەر و کتێب

هاونیاز سامی*

**وشەی کۆمونیکەیشن وەکو زۆر وشەی تری زانستەمرۆڤایەتییەکان پێناسەکردنی زەحمەتە، بۆیە باشترین ڕێگا بۆ پێناسەکردنی ئەوەیە وەکو پرۆسەیەك پێناسەی بکەین:**

**هارولد دی.لاسول زانای بواری کۆمونیکەیشن دەڵێت: "کۆمونیکەیشن ئەو پرۆسەیەیە کەبەلایەنی کەم دووگیان لەبەر لەگەڵ یەك لەپەیوەندیدان، کەواتە پرۆسەی کۆمونیکەیشن مامەڵەیەك یان دەستپێکێکی بێ بەمەبەست نیە، بەڵکو زیاتر پەیوەندییەکی ئاڵۆزی بابەتی و کۆمەڵایەتییە، کە لەماوەی ڕوبەڕووبوونەوەی هاوسەرانی کۆمونیکەیشن (نێرەرو وەرگر) لەپەیوەندییەکی یەك لایەکی یان دوو لایەکی واتە بەشێوەی (Feedback) دێتە بەرهەم. کۆمونیکەیشن بەمەبەستی ئاڵوگۆڕی زانیاری و کارلێککردن و بەئامانجی لەیەك تێگەیشتن لەنێوان نێرەرو وەرگردا لەسەر ئەو بابەتەی کەدەهێنرێتە زمان پێناسە دەکرێت".**

ئەمە لەکاتێکدایە مرۆڤ هەر لەسەرەتای بوونەوە لەپەیوەندییەکی ڕاستەخۆدا بووە لەگەڵ هزری خۆیدا، هەر بۆیە چەند توانیبێتی هەوڵیداوە هزری خۆی دەوڵەمەند بکات، کەواتە سەرەتا کۆمونیکەیشنی لەگەڵ خودی خۆیدا هەبووە کە لەزانستی کۆمونیکەیشندا بە قۆناغی کۆمونیکەیشنی خودی ناودەبرێت.



### نێرەرو وەرگر

دواترو دوای ئەوەی مرۆڤ حەتمیەتی ژیان و ئاوێزان بوونی لەگەڵ خەڵکانی تردا دروستکردووە، پرۆسەی پەیوەندی پەڕاندۆتەوە لەبیری خۆیەوە بۆ بەرامبەر، ئالێرەدایە (نێرەر و وەرگر) دروست دەبێت و لەهێماوە وردە وردە زمانی قسەکردن دەبێتە سەرەتایترین میکانیزمی لێکگەیشتن و پەیوەندیکردن، دوابەدوای ئەوە قۆناغی نوێ دێتە کایەوە ئەویش قۆناغی نووسینە کە شۆڕشێکی گەورە دەخولقێنێت لەبواری پەیوەندیکردندا، بەڵام دوای ئەم قۆناغە گرنگترین کاریگەریی لەکۆمونیکەیشندا دێتەئاراوە کەپەیدابوونی چاپ و چاپخانەیە لەساڵی ١٤٤٥ی زاینیدا (ئەم مێژووە لەسەرچاوەکاندا وەك یەك نیە)، لێرەوەیە کە چاپکردن کاریگەرییەکی بەهێزی دەبێت لەسەر چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب.

کەواتە کتێب وەك هۆیەکی گەیاندنی پەیام لەلایەن نێرەر واتە ئەو کەسەی کە کتێبەکەی نووسیوە یان بڵاوکردۆتەوە پێناسە بکەین، ئەوا خوێنەران دەبنە وەرگری پەیامی ئاڕاستەکراو بەهۆی کتێبەوە، هەر بۆیە ئەگەر بەپێی بنەماکانی زانستی کۆمونیکەیشن لێکدانەوە بۆ ئەم پرۆسەی کۆمونیکەیشنە بکەین، بەجۆرێك کە:

١–نێرەر Seuber: سەرچاوەی زانیارییە نێردراوەکانە.

٢–هۆی گەیاندن Media: ئەو هۆیەی بەهۆیەوە زانیارییەکان دەنێردرێت.

٣–پەیام Message: ناوەڕۆکی زانیارییە نێردراوەکان.

٤–وەرگر Receiver: وەرگری زانیارییە نێردراوەکان.

٥–کاریگەریی Feedback: ئامانجی پرۆسەی کۆمونیکەیشنە.

هەربۆیە خاڵی چڕکردنەوەمان لەسەر کتێب وەك هۆیەکی گەیاندنی پەیام، دەتوانێت جۆری نێرەرو پەیام و وەرگر بەشێوازی جۆراوجۆر پیشان بدات و کاریگەریی ئاستی بیرکردنەوەو وەرگرتنی پەیامەکە و ناردنی پەیامەکەدا پۆلێن بکرێت.

### خوێنەرو کتێب

کتێب وەك هۆیەکی گەیاندن لەچەند ڕوویەکەوە کاریگەریی دەبێت لەسەر ناردنی پەیامەکان، وەك ئەوەی قەبارەی کتێبەکە، ناوەڕۆکی کتێب، جۆری ڕەنگ و بەرگی کتێبەکە، ئەو کاغەزەی کەکتێبەکەی پێ چاپکراوە، جۆری فۆنت و قەبارەکەی هەروەها ئەو سپەیسەی کە لەنێوان نووسینەکاندا هەیە، هەر بۆیە ئەم کاریگەرییانە ئاستی کۆمونیکەشنی نێوان خوێنەرو کتێب دیاریدەکات. کەواتە کاتێك نێرەر بیەوێت پەیامێکی ڕوون بگەیەنێتە وەرگرەکانی دەبێت ڕەچاوی ئەو خاڵانە بکات.

هۆکارە نوێیەکانی پەیوەندیکردن وەك ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێب گۆڕانکارییەکی گەورەی لەژیانی مرۆڤایەتیدا بەرهەمهێناوە. بۆیە لەپرۆسەی ناردنی پەیامدا بەهۆی کتێبەوە بەشداربووەکانی پرۆسەکە کە وەرگرەکانن هاوشێوەنین، بەڵام هەمان پەیام وەردەگرن لەگەڵ ئەوەی لە شوێنی جوگرافی جیاوازو ئاستی ڕۆشنبیری جیاوازیان هەیە.

پەیوەندیکردن درێژبوونەوەو ژیانەوەیە، هەر بۆیە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبوونەوە بۆ پانتایی فراوان، بەهەمان شێوە لێکنزیك بوونەوەی بیرو ژیری کە لەئەنجامی ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەوە هاتەئاراوە فراوانترو وشیارانە تر پەیدابوون، تاکە کەس کاتی درێژبوونەوەی بۆ کارلێککردنی بەخۆوە دی، چونکە پەیوەندییەکانی بەژیانەوە گەورەترو هەمەجۆرتر بوو، هەروەك زانای کۆمەڵناسی ئەمریکی کولی دەڵێ: "پەیوەندی تازەی جەماوەر وەك شۆڕشێك وابوو هەموو قۆناغەکانی ژیانی گرتەوە، لەڕامیاری و بازرگانی و فێربووندا".

### هەوڵدان بۆ وەرگرتنی زانیاری

مرۆڤی سەرەتایی پێویستی بەوە هەبوو کەشوێنێك بکاتە کشتوکاڵ و لەجێگەیەك ڕاو بکات و ئاوی لێوە نزیك بێت و ڕێگایەکی هەبێت بۆ گەیشتن بەم پێویستییانە، ئامانجی سەرەکی بەدەستهێنانی خواردن بوو لەگەڵ عەمبارکردنی خواردن بۆ ئەو کاتانەی کەوشکە ساڵی دەبێت یان ناتوانێت ڕاو بکات بەهۆی بارودۆخی ئاووهەواوە.

بەڵام مرۆڤ لەسەردەمی نوێدا پێویستی بەهۆکانی پەیوەندیی نوێیە بۆ گەیاندنی پەیامەکانی و وەرگرتنی پەیامی ئەوانی تر. شۆڕشی پەیوەندییەکان لەم سەردەمەدا بووە هۆی ئەوەی کەمرۆڤ هەوڵبدات خۆشگوزەران بێت و ئاستی خۆشگوزەرانی خۆی بەردەوام بەرز بکاتەوەو هەوڵ بۆ پێویستی تر بدات بۆ زیاتر خۆشگوزەرانی ژیانی و خۆ ڕۆشنبیرکردنی زیاترو وەرگرتنی زانیاری لەسەر جیهان و دەوروبەر.

مرۆڤ هەوڵدەدات بۆ زیاتر بەرزبوونەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی و تێرکردنی پێویستییە غەیرە ماددییەکانی وەکو ڕۆشنبیریی و زانست دوای ئەوەی سەرکەوتوو بوو لەڕەنگڕێژکردنی بنەماکانی ژیانی و گەشەی مێژوویی کردو هۆکانی پەیوەندیکردنی قۆرخ کرد بۆ زیاتر خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی، تا کتێب و ڕۆژنامە گەشەی کردو تەلەفزیۆن و ڕادیۆ بوونە هۆی گواستنەوەی ڕۆشنبیریی و زانست بۆ هەموو کۆمەڵگەو سنوورەکانیان بەزاندو ڕۆشنبیرییەکانی جیهانیان لێك نزیککردەوەو جیهانیان کردە گوندێکی بچووك.

### کارلێك لەگەڵ ئەوانی تر

ئەوەی کەوا لەمرۆڤ دەکات پەیوەندیی دروست بکات پاڵنەرە سۆزدارییەکانە کەمرۆڤ دەجوڵێنێت بۆ دروستکردنی هاوڕێیەتی و پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتی و غەریزەی بوون بەباوك و بوون بەدایك و گرنگیدان بۆ گەشەکردنی پەیوەندییەکان کەئەمەش پێویستی بەگۆڕینەوەی پەیامەکانە کەئەم گۆڕینەوەی پەیامە لەڕێگەی کتێبەوە وەك غەریزەیەکی خۆناساندن و خستنەڕووی بیرو ڕۆشنبیری کەسی نووسەری کتێبەکەیە بۆ هاووڵاتیان (وەرگرەکان) کەئەمە دەبێتە پرۆسەیەکی کۆمونیکەیشنی دوو لایەنە وەك ئەوەی کەسی نێرەر پەیامەکەی خۆی دەنێرێت و وەرگرەکانیش بەهۆی وەرگرتنی پەیامەکەوە دیدو بۆچوونی نوێیان لەلا دروست دەبێت کە وەك فیدباك دەگەڕێتەوە بۆ نووسەری کتێبەکە جا ڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ، لەناردنی پەیام و وەرگرتنی فیدباکی پەیامە نێردراوەکان و جارێکی تر وەرگرتنەوەو ناردنەوەی پەیامێکی تر، کە لەدوای زانینی ئاستی کاریگەرییەکەی کۆمونیکەیشنێکی سەرکەوتوو بەرهەمدەهێنێت.

مێشکی مرۆڤ دەرگا داخراوەکان دەکاتەوەو هەوڵدەدات زیاتر بزانێت و فێربێت، هەربۆیە مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە کەزیاتر جیهان و دەوروبەر بناسێت، هەربۆیە گەشەی زانستی و تەکنۆلۆجی مرۆڤ پەیوەستە بەزیاتر گەڕان و کنەکردن بەزانیارییە نوێکانداو گەڕان بەناو شوێن و بەشە جیاجیاکانی گۆی زەویدا وەك گەیشتنە سەر بەرزترین لوتکەی چیاکان و پشکنینی دارستانەکان و چوونە ناو قووڵایی دەریاکان و گەڕان لەبیابانەکانداو تا دواتر وای لێهات لەگۆی زەوی بچێتە دەرەوەو هەوڵبدات ئەستێرەکان بناسێت و بگاتە سەرڕووی مانگ و.. هتد بۆ ئەم کارانەش مرۆڤ پێویستی بەپەیوەندیی هەبوو تابتوانێت زیاترو زیاتر بزانێت.

دیارە کتێبیش بەو پێیەی نووسەری جیاواز لەجوگرافیای جیاوازو بەڕۆشنبیری و ئاستی بیرکردنەوەی جیاوازو دیدی جیاواز بۆ مەسەلەکان دەینوسێت، بۆیە وەك هۆیەکی گەیاندنی پەیام دەتوانێت کاریگەری جیاوازیش لەسەر وەرگر



دروستبکات، ئەمە لەکاتێکدا ئەو کۆمونیکەیشنەی کەدروست دەبێت لەئاستی لۆکاڵی دەردەچێت و دەچێتە سەر ئاستی گلۆباڵ و دەتوانێت زانیاری جیاواز لەسەر دەوروبەرو جیهان وەربگرێت. هەر بۆیە کتێب دەتوانێت کۆمونیکەیشن لەنێوان کلتورە جیوازەکان دروست بکات.

*مامۆستا لەبەشی ڕۆژنامەنووسی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی
hawnyaz@yahoo.com

# کتێبخانەی زانکۆکان لەسەردەمی گلۆباڵدا

و. ئەکرەم ئەحمەد

ئەم باسە کەلە نووسینی (نزار عیون سودە ) وێنەی کتێبخانە زانکۆکان دەکێشێت لە ماوە دوور و درێژەکانداو ئەو گۆڕانانەی بە سەریاندا هاتووە تا دەگات بە ئێستا......

کورتەی باسەکە زانکۆکان و کتێبخانەکانیانە ،تا ئێستا دەکەوێتە پێش باسەکانەوە . لە ڕووی دەرکەو ۆڵەکانیانەوە بگرە تا سەرچاوەو کتێبەکانیان باس و خواس لە سەر کراوە، تێشیدا گەیشتۆتە چەند دەرەنجامێك، ئەوەی بە دەرخستووە کە تەکنیك چ کاریگەرییەکی لە سەریان بە جێهێشتووە، ئەوەشی دەرخستووە کە نابێت جیاواز بێت لە گیانی سەردەم .

لە ڕاستیدا سەرەڕای ناو لێنان ناتوانرێت دەست لە وشەی (کتێبخانە ) بهێنرێت، زاراوەیەکە وەکو زاراوەی ئاسمان و زەوی وایە بۆ مرۆڤ بە هەموو واتایەك ڕیشە دارەو بۆ ماوەییە لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ماوەییەکی ڕۆشنبیرییە، ئەم زاراوە داهێنراوانە زیادەیەکن دەچنە سەر زاراوەی کتێبخانە .

بەڵام ئەمانە کۆمەڵێ دەستەواژەن لە خزمەتی زاراوەی کۆنەکەدان .

کتێبخانە زانکۆ دامەزراوەیەکە لە خزمەتی ڕۆشنبیری زانستدایەو گرنگە لەو بوارەدا بۆ مامۆستاش و خوێنکاریش، لە زانکۆو پەیمانگاکاندا، لە خستنە بەردەستی زانیاریی پێویست بۆیان لە خوێندن و توێژینەوەکانیاندا، زۆری سەرچاوەو هێڵەکانی زانیاری لە پاش پۆلێن کردن و ڕێکخستنیان ئاسانکاریەکە بۆ دەستپێگەیشتنیان ڕۆشنبیری خۆ ڕۆشنبیرکردن و ئەرکەکانی کتێبخانەی زانکۆ دەکرێت لە خاڵانەدا کۆبکرێتەوە :

١–دروستکردن و گەشە پێکردنی کۆمەڵە زانیارییەکان بە وانەشەوە کە دەبنە سەرچاوەی زانیاریی پێویست تا زانکۆ بتوانێت بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت لە خوێندن و توێژینەوەدا .

٢–ڕێکخستنی ئەو زانیاریانەو پێرست و پۆلێنکردنیان بە مەبەستی زیاتر سوود لێوەرگرتنیان

٣–پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی کتێبخانە و گێرانەوەی زانیارییەکان و ڕێکخستنەوەیان لەگەڵ کتێبخانەکانی تردا

٤–پێدانی سەرچاوە بە خوێندکار و فێرخواز هاوبەشی کردن لە تۆڕەکانی زانیاریدا

٥–پێدانی زانیاریی بنەڕەتی بە خوێندکارە توێژەر

٦–پەرە پێدانی کارو باری کتێبخانەیی بە نیاز مەندان بە مەبەستی زیاتر سوود مەندبوون.

٧– توێژینەوەلە سەر سوودمەند بووان بە هەموو توێژەکانیانەوەو زانینی ئاراستەی بۆ چوونیانیان لە خوێندنەوەدا لە ڕاستیدا ئەمڕۆ ئێمە لە گۆرانێکی وردو خێرا و ترسناکدا دەژین بە جۆرێك کە پێراگەیشتن بە گۆرانکارییەکان ئەرکێکی زۆری دەوێت . واش مەزەندە دەکرێت کە لە دە ی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا کە پەیوەندی کردن بە هەر زانکۆیەکی بە ناوبانگی جیهانەوە لواو بێت لە دوورەوە بە مەبەستی بەردەوام بوون لە سەر خوێندن لە و ڕێگایانەوە کە باسکران لە تەکنیکی نوێ و زانیاریی و هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی نوێ ئەم بارەش سەرکەوتووە ڕۆتیندا لە پرس زانیاری و زانست و گێر خواردنیا ن لە چوار دیواری زانکۆکاندا

سەرچاوە /حماە

* شاعیرو وەرگێڕ: کارمەندی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

# پەتای قەیرانی جیهانیی کتێبخانەکانیش دەگرێتەوە



ئا. دلێر میرزا

**لە دوای قەیرانە دارایی و ئابوورییەکەی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە، سەر لە نوێ هەر لە کۆتایی ساڵی پارەوە، جیهان رووبەڕووی گەورەترین قەیرانی دارایی بووەوە، کە گورزێکی کوشندە بوو بەر ئابووریی جیهان بەگشتی، و وڵاتە سەرمایەدارییەکان و لە سەرووی هەموویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆتەوە. سەرەتا بانکە زلهێزە جیهانییەکان و دواتر کۆمپانیا و دامەزراوە گەورە جیهانییەکان هەرەسیان هێنا، و لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩وە، کاریگەریی قەیرانەکە تەشەنەی بۆ گشت دامەزراوەکان لە بوارە جیاجیاکاندا کرد، و وەکو بایەقوش دای بە سەر جیهاندا، نە دەوڵەمەند و نە هەژار، وڵاتی نەبوارد، هەموویانی گیرۆدەی قۆرتە ئابوورییەکانی خۆی کرد، و بەمەش بودجەی دامەزراوە حکومییەکانیش دابەزینی بەرچاوی بەخۆوە بینی، ئەگەرچی ئەم قەیرانە بوو بە مایەی خێر بۆ ئەو حکومەتانەی سیستمی ئابووریی شکستخواردوویان هەبوو، بۆ ئەوەی قەزای گۆزەی پاشەڵی خۆیان لە دێزە بخەن!!**

پەندێکمان هەیە دەڵێت: مەیموون خۆی جوان بوو ئاوڵەشی دەرکرد! بە شێوەیەکی رێژەیی، ئەمە رێك لە سەرتاسەری جیهاندا، دوای ئەم قەیرانە شوومە، رووبەڕووی کتێبخانەکان بووەوە، چونکە کتێبخانەکان وەکو دامەزراوەی حکومی، هەمیشە خۆیان بەر لەم قەیرانە، گلەیی و گازەندەیان ئاراستەی وڵاتەکانیان دەکرد کە بودجەی تەواویان بۆ تەرخان ناکرێت، و ئەگەر ئەوانیش جاران بێ ئەو بیانووە، وەکو پێویست بایەخیان بە بودجەی کتێبخانەکان نەدەدا – بەتایبەتی لە وڵاتە دواکەوتوو و تازە گەشەسەندووەکاندا – ئەوا ئێستا پاساوێکی ئەوتۆیان هەیە کە دۆخی کتێبخانەکان ناهەموارتر بکەن.

لە بەر ئەوەی زۆر باسی ئەم قەیرانە و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کراوە، ئێمە نامانەوێت زۆری لە سەر بڕۆین، تەنێ ئەوە نەبێت، خۆمان لە قەرەی کاریگەریی ئەم قەیرانە لە سەر کتێبخانەکان و ئەو پێشنیازانە بدەین کە رەنگە بتوانن ئەو کاریگەرییانە سووك بکەن.

لەم قەیرانەدا، گەلێ لە کۆمپانیا و بانکی گەورە هەرەسیان هێنا و چەندین کۆمپانیا رووبەڕووی مایەپووچی بوونەوە کە لە پلەی یەکەمدا دامەزراوەی بازرگانی بوون، چجای کتێبخانەکان کە دامەزراوەی خزمەتگوزارین و چاوەڕوانی قازانجی مادی نین و چالاکیی بازرگانی ئەنجام نادەن، بەڵکە ئەوانە لە رووی بودجە و پارەوە، چاویان لە دەستی لایەنی دایك–حکومەت–ە.

گومان لەوەدا نییە، کتێبخانە لەو دامەزراوانەیە، هەردەم بە دەستی کەمی بودجەوە دەناڵێنێت. دیارە پارە بزوێنەری بنەڕەتییە لە هەر کار و پرۆژەیەکدا، و لە سایەی ئەم قەیرانەدا، وا چاوەڕوان دەکرێت بودجەی کتێبخانەکان لە سەر ئاستی جیهان کەم بکرێتەوە، بە تایبەتی لەو رژێمانەدا کە سیستمی دەسەڵاتیان نادیموکراسییە، چونکە زۆربەی توانست و بودجەی دەوڵەت بۆ درێژەدان بە تەمەنی رژێمەکان تەرخان دەکرێت، لە سەر حیسابی هەندێ بواری وەکو کتێبخانەکان و خوێندن و توێژینەوە زانستییەکان.

ئەمە جگە لە کەمکردنەوەی وەزیفە حکومییەکان و لەوانە وەزیفە و کاری فەرمانبەرانی کتێبخانەکان، کە بە بۆنەی ئەو قەیرانەوە، پرەنسیپی Last Hire, First Fire واتە: ئەوەی دواتر دامەزراوە یەکەم جار ئەو لە سەر کار لادەبرێت. لە سەر ئاستی گشتی، وەزارەتی کاری فەرەنسا نزیکەی ٨٠ هەزار وەزیفەی لابردووە لە ساڵی ٢٠٠٩ دا و پێدەچێت تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ بگاتە ٣٠٠ هەزار وەزیفە. و لە بەریتانیا کار بۆ کەمکردنەوەی ١٥ هەزار وەزیفە دەکرێت لە بلۆکی دارایی لە ماوەی سێ مانگی داهاتوودا. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا تەنگژە و تەنگوچەڵەمەکە گەورەتر بوو، ئەوەبوو ٣٢٠ هەزار کارمەند، تەنێ لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨ و ٦٥١ هەزار کارمەند تا شوباتی ٢٠٠٩ لە سەر کار لابران. لە ناو وڵاتە عەرەبییەکانیشدا، ئیمارات لە هەموویان زیاتر تووشی قەیران بوو، چونکە لە سەر سەرمایەگوزاریی بیانی بەرپای،ە. دیارە کە باس لەم کەمکردنەوە وەزیفییانە دەکەین، دەبێ بڕەبەشی کتێبخانەکان رەچاو بکەین، چونکە بڕەبەشەکە رەنگە وەکو دامەزراوەی نابازرگانی و بەوەی خزمەتگوزارین رێژەیەکی زۆرتری بەربکەوێت.

ئەگەرچی لە هەندێ وڵاتدا، پلان بۆ ئایندە و بگرە پلانی هەنووکەییش لە ئارادا نییە بۆ کتێبخانەکان، کەچی لە بەر ئەوەی هەر کاریگەرییەك لە سەر بودجە، رەنگدانەوەی لە سەر کتێبخانەکانیش هەیە، خۆ ئەگەر پلان هەبێت، ئەوا قەیرانی دارایی لەو جۆرەی ئەمڕۆ جیهانی پیایدا گوزەر دەکات، پەکی گشت پلانە داڕێژراوەکان بۆ ئایندە دەخات.

کتێبخانەکان چۆن دەتوانن رووبەڕووی قەیرانی دارایی جیهانی ببنەوە؟

دیارە داهێنان یان چارەسەرێکی جادووییمان بەدەستەوە نییە بۆ دەربازکردنی کتێبخانەکان لە دەرهاویشتە داڕنەکانی قەیرانەکە، بەڵام کۆمەڵێ رێوشوێن هەنە کە توێژەران لە توێژینەوە زانستییەکانیاندا لە سەر ئاستی جیهان بانگەشەیان بۆ کردووە، کە رێوڕەسمی زانراو و روونن لای کتێبخانەکان و کاربەدەستانییان، بەڵام لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا پێڕەوی نەدەکران. خۆ ئەگەر کتێبخانەکان بەر لەم قەیرانە بایەخیان بەو رێگەچارانە نەدەدا، دەبێ دوای قەیرانەکە بۆ پیادەکردنیان خۆیان ناچار ببن.

هەموومان لە سەر ئەوە تەباین، هەردەم کتێبخانەکان لە جیهاندا دەناڵێنن بە دەست کەمیی بودجەوە، بەڵام لێگەڕێن با باسی کتێبخانەکانی لای خۆمان –عیراق– بکەین، کە گومانی تیادا نییە بودجەی تەرخانکراو بۆ کتێبخانەکان کەمترە لە رادەی پێویست، چونکە بۆ نموونە، کاتێ باسی گەشەپێدانی کار و کڕینی کۆمپیوتەر یان کڕینی بەرنامەی گرنگ یان کڕینی سەرچاوەکانی زانیاری بێتە پێشەوە، یەکسەر پاساو دەهێننەوە، بودجەکە بواری ئەوە نادات و بەشی ئەو جۆرە کارانە ناکات و کورت دێنێت و رەنگە هەندێ جار ئەو پێداویستییانە بە زێدە دابنێن، کەچی ئەو دەمەی باسی نوێکردنەوەی ژووری بەڕێوەبەر یان گەشتی بەڕێوەبەر دەکرێت بۆ دەرەوەی وڵات یاخود کڕینی کۆمپیوتەر بۆ بەڕێوەبەر یاخود خەرجکردنی دەرماڵە بۆ ئەم یان ئەو بەرپرس لە کتێبخانەدا بکرێت، ئەوا کەس ناڵێت بودجەکە کەمە، بەڵکە دەڵێن لاریمان نییە. بە کورتی گەندەڵیی ئیداری لە عیراق بەگشتی، باشترین نموونەیە بۆ بە فیڕۆدانی بودجە تەرخانکراوەکان بۆ کتێبخانەکان.

لە سایەی قەیرانی جیهانیدا، کتێبخانەکان پێویستیی زۆریان هەیە بۆ دەستپێوەگرتن کە ئەمەیش چەندین شێواز دەگرێتە بەر. بۆ نموونە هەڵوەشاندنەوەی بەشداریکردن لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا کە دەکرێت کۆپیی ئەلکترۆنی دەستەبەر بکرێت و پەنابردنە بەر سەرچاوە خۆڕاییەکان کە دەتوانن جێگەی کڕینی سەرچاوەکان بگرنەوە و چەند روویەکی دیکە کە ئاماژەیان بۆ دەکەین، بەڵام گرنگترینیان راگرتنی تەخشان و پەخشانکردنە، وەکو ئەوەی بڕێکی زۆر لە بودجە بۆ لایەنی لاوەکیی وەکو گەشت و پاداشت و دەرماڵەی بەڕێوەبەران و خاوەن پۆستەکان لە کتێبخانەکاندا خەرج دەکرێت.

پشت بەخۆبەستن یەکێك لەو رێگەچارە پێشنیازکراوانەیە، گەلێ لە توێژەرانی بەرچاو بانگەشەیان بۆ کردووە، سەبارەت بە ناردنی خزمەتگوزاریی زانیارییەکان و ئابووریی زانیارییەکان بۆ بازاڕەکان. کە ئەمە بوارێکی توێژینەوەی یەکجار فراوانە.

کتێبخانەی گشتیی ئەتواتر لە شاری مۆنتریالی کەنەدی، یەکێکە لە کۆنترین و هەژارترین کتێبخانەکان لە هەرێمی کیبیکی کەنەدیدا، کە بودجەیەکی جێگیری نییە، کەچی پشت بە پیتاك و دیاری و بەخشیش دەبەستێت و کاربەدەستانی کتێبخانەکە بەوەوە نەوەستاون، پرۆژەیەکیان هەیە بۆ فرۆشتنی کتێبی دەسەدوو و کۆن، ساڵانە داهاتەکەی دەگاتە نزیکەی ٩٠ هەزار دۆلار کە ئەمە بەرهەمی تەنێ یەك چالاکییە، چجای ئەوەی کتێبخانەکان بۆ گەشەپێدانی داهاتەکانیان، چەندین چالاکیی بازرگانی پیادە بکەن.

پێویستە کتێبخانەکانی لای ئێمەیش دەست بدەنە وەها کارێك، بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو کەمیی بودجانەی، لە سایەی قەیرانە داراییەکەدا بە دەستییەوە دەناڵێنن کە کتێبخانەکان ناچار دەبن دەستیان بدەنێ. لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەو یاساو بڕگە و رێنماییانە بکەین کە دەبنە لەمپەر لە بەردەم کتێبخانەکاندا، بۆ راپەڕاندنی ئەو پرۆژانەی داهاتیان لێدەکەوێتەوە و ئەمەو زۆرجار ئەو داهاتانە راستەوخۆ بۆ خودی کتێبخانەکان تەرخان ناکرێنەوە، بەڵکە دەگەڕێنەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت.

کارکردن بە ئاقاری هاوکاری لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکەدا: دیارە دەنگی توێژەران نووسا و قەڵەمەکانیان هەناسە سوار بوون، لە دووان سەبارەت بە هاوکاری نێوان دامەزراوەکانی زانیاری، و بەڵکە چەندین کۆنگرەی جیهانی بەستراوە سەبارەت بە هاوکاری لە نێوان کتێبخانەکاندا، ئەگەرچی ئێمە زۆر دڵمان بە بەستنی ئەو کۆنگرانە خۆش نییە، چونکە بابەتی بنەڕەتی و توێژینەوەکانی کۆنگرەکان و بارودۆخی ئەمێستای کتێبخانەکان، هەریەکەیان لە ئاوازێك دەخوێنن!

ئەمێستا، کتێبخانەکان داوایان لێنەکراوە هاوکاری لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکەدا بکەن، بەڵکە ناچار کراون بۆ ئەم هاوکارییە، و هاوکاری لێرەدا دەبێت لە سەر هەموو ئاستەکانی کار بێت لە ناو کتێبخانەدا، چ ئامادەکاریی هونەری بێت یان خزمەتگوزاری.

پێویستە ئەم رێوشوێنانە لە کتێبخانەکاندا پێڕەوی بکرێن: نابێت پارە بە سەرچاوەیەك بدرێت کە لە کتێبخانەیەکی دیکەدا هەبێت لە چوارچێوەی هاوکارییەکەدا. نابێت بەشداری بکرێت لە خولە زانستییەکانی کتێبخانەیەکی دیکەدا لە چوارچێوەی بەرنامەی هاوکاریدا. بەشداریی بنەمای زانیارییەکان لەگەڵ کتێبخانەکانی دیکەدا. چالاککردنی خزمەتی پێدان و وەرگرتنی کتێب لە نێوان کتێبخانەکاندا. زیاتر پشتبەستن بە پێڕستی گوازراوە، کە ئەمە کات و هەوڵ پاشەکەوت دەکات و دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ژمارەی پێرستکاران. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ نەیارانی هاوکاریی نێوان کتێبخانەکان بکەین کە پەخشکارانن! ئەوانە زۆر زیان دەبینن لە بەرنامە هاوکارییەکان، چونکە لە بری ئەوەی پێنج دانە لە کتێبێك بفرۆشێت بە پێنج کتێبخانە، رەنگە یەك یان دوو دانە بفرۆشێت، و لێرەدا رووی هوشدارەکە ئاراستەی پێوەندیی توندوتۆڵی نێوان پەخشکاران و بەرپرسانی دابەشکردنی کتێبە لە کتێبخانەکاندا.

پشت بەستن بە سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان: لێرەدا ئێمە نامانەوێت بچینە ناو باسی گرنگیی سەرچاوە زانیارییە ئەلکترۆنییەکانەوە، چونکە کەسانی دی هەنە، لەم بوارەدا لە ئێمە شارەزاترن. ناکۆکی نییە لە سەر ئەو تایبەتمەندییانەی سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان پێشکەشی کتێبخانەکانی دەکەن. دیارە چەندین بنەمای زانیاریی جیهانی هەنە، لە ناوەڕۆکیاندا شێوازی جۆراوجۆریان لە سەرچاوە زانیارییەکان هەیە، وەکو خولە ئەلکترۆنییەکان و تێزەکانی زانکۆ و نموونەیان زۆرە، وەکو: < EBSCO, Science Direct, ProQuest Springer,

کتێبخانەکان پارەی زۆر بە فیڕۆ دەدەن بۆ بەشداریکردن لە خولە زانستییە چاپکراوەکاندا، لە کاتێکدا ئەوانە لە ناو بنەماکانی زانیارییە جیهانییەکاندا بەردەست دەکەون. کەواتە بەردەوامبوونی بەشداریکردن لە چاپکراوەکاندا بەفیڕۆدانی پارەیە، و کتێبخانەکان دەتوانن بەشداریکردنەکە لە خولە چاپکراوەکانەوە بۆ بەشداری لە بنەماکانی زانیارییە جیهانییەکان و سوودوەرگرتن لە هەموو دەرەتانە رەخساوەکان بگۆڕن. ئەم هەنگاوە پێویستی بە تاوتوێکردنە بەر لە بڕیاردان، بە هەڵوەشاندنەوەی بەشداریکردن لە خولە چاپکراوەکاندا.

پشتبەستن بە سەرچاوە خۆڕاییەکان: لەو بڕوایەدایین سەرچاوە خۆڕاییەکان رێگەی دەربازبوونی کتێبخانەکانە کە بە دەست قەیرانی داراییەوە دەناڵێنن.

پشتبەستن بەو بەرنامانەی سەرچاوەکانیان کراوەیە: کە ئەمە تەوژمێکی بەهێزی پێکهێناوە لە بەردەم بەرنامە بازرگانییەکاندا، ئەوە بەرنامەگەلێکن، هەموان تیایاندا بەشداری دەکەن لە گەشەپێدانی بە کەیفی خۆیان و بۆ هەموو کەسێك دەرفەت رەخساوە بە خۆڕایی بەکاریان بهێنێت، دواتر لە سەردەمی قەیرانی داراییدا، نیازی کتێبخانەکان پڕ دەکاتەوە.

سەرچاوە: البوابة العربية للمكتبات والمعلومات

*نووسەرو وەرگێر، کارمەندی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

# ناردنی کتێب بۆ کتێبخانەی دوو گوندی ناوچەی شوان



ئا: شۆرش ئەمین*

**ڕۆژی ٢٠٠٩/١/١ گروپێك لەگەنجانی ڕێکخراوی CSI سەردانی هەردوو گوندی (گۆپتەپەو دالاّوای) سەر بەناحیەی ئاغجەلەریان کرد بۆ ئەوەی لەنزیکەوە لەگەڵ گەنجانی هەردوو گوندەکە دابنیشن و لەبارەی کێشەو گیروگرفتەکانیان و پەیوەندی نێوان گەنجانی ناوچەکە گفتوگۆبکەن. مەبەستێکی سەرەکتری سەردانەکە بریتیبوو لەگەیاندنی ژمارەیەك کتێبی جۆراوجۆر بەکتێبخانەی هەردوو گوندەکە کەژمارەیەك گەنجی خۆبەخش پێکیانهێناوەو کتێبیان بۆ کۆکردوەتەوەو خانووشیان بۆ بەکرێگرتووە.**

هەر لەکتێبخانەکاندا ژمارەیەك کۆمپیوتەرو ئامێری تری وەك تەلەفزیۆن و سەتەلایت هەن کەگەنجان خۆیان بەدەستیان خستوون و ڕوژانە ژمارەیەکی بەرچاو گەنج و خوێندکارو قوتابی سەردانی هەردوو کتێبخانەکە دەکەن و کتێب و گۆڤارو بڵاوکراوەی جۆراوجۆر دەخوازن. کتێبەکان هەمەجۆرەن و بابەتی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتی و کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرن.
کێشەیەکی سەرەکی ئەم دوو کتێبخانەیە لەپاڵ نەبوونی کارەباو پێداویستییەکانی تر، نەبوونی بینای تایبەتە بەکتێبخانە بۆیە گەنجان ناچاربوون بەپارەی خۆیان خانووی گڵ بەکرێبگرن.
گەنجانی دالاّوا، جگە لەکردنەوەی کتێبخانەکە، گۆڤارێکی وەرزییان بەناوی (بەرەو هیوا) دەرکردوە کە تا بەهاری ٢٠٠٨ بەردەوام بووە بەلاّم بەهۆی نەبوونی پشتگیری داراییەوە نەیانتوانیوە بەردەوامی پێبدەن.
گروپی گەنجانی CSI کەپێشتر لەبارەی رابەرییەوە راهێنانیان پێکراوە، لەبارەی چۆنێتی پێکهێنانی پەیوەندی باشترو کەڵك وەرگرتن لەئەزموونی ڕێکخستنی کتێب و کۆکردنەوەی کتێبی زیاتر لەناوەندەکانی بڵاوکردنەوە گفتوگۆیانکردو گەنجانی هەردوو گوندەکە بڕیاریاندا سەردانی بنکەی گەنجانی CSI لەچەمچەماڵ بکەن.
لەناو ئەو کتێبانەدا کەپێشکەشی کتێبخانەکان کران، ژمارەیەك بڵاوکراوەی CSI تێدابوو لەوانەش گۆڤاری گەنجانە کەگەنجانی CSI بەهاوکاری ڕێکخراوی NED دەریدەکەن و سەرجەم بابەتەکانی بۆ خستنەرووی کێشەکانی گەنجان تەرخانکراوە.

کردنەوەی دوو کتێبخانە لەدوو گوندی ناوچەی شوان
ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/٢٤ ڕێکخراوی دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی، ئۆفیسی چەمچەماڵ، بە هاوکاری هەردوو کەسایەتی سنووری چەمچەماڵ، فاروق کەریم ئاغا و ئازاد حەسەن، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ڕێکخراوەکەو، مامۆستایانی قوتابخانەکەو، چەند کەسایەتییەکی سنوورەکە هەردوو کتێبخانەی گوندی (شۆڕاوەو قەسرۆك)ی کردەوەو بە دابینکردنی نزیکەی ١٠٠سەرچاوەی جۆراوجۆری (سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، زانستی ...هتد) هاوکاری کتێبخانەی دوو دوو گوندەیان کرد.
لە لێدوانێکیاندا ئازاد حەسەن و فاروق کەریم ئاغا، ئاماژەیان بەوەکرد کە ئەوان وەکو ئەرکێکی لە پێشینەی خۆیان ئامادەی هەر هاوکارییەکی بزافی ڕۆشنبیرین لە سنوورەکە، "ئەوەی مومکین بێت ئێمە ئامادەین جێبەجێی بکەین و، هەموو هەوڵێك لە پێناوی ئەو جۆرە ئیشانەدا دەدەین"
ئاسۆ شوانی، بەرپرسی ئۆفیسی چەمچەماڵی ڕێکخراوی دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی CSI، لەکاتی کردنەوەی کتێبخانەکاندا وتی "ئێمە وەکو ڕێکخراوەکەمان هەمیشە لە هەوڵی خزمەتکردنی گەنجاندا‌ین، بە تایبەت گەنجانی لادێکان"
ئاسۆ باسی لەوەکرد کە کتێب ڕێگایەکی گرنگە بۆ بەرەو پێشبردنی ئاستی زانیاری تاکەکەس، ئەوەشی وت "ئەمە کۆتائیشی ڕێکخراوەکەمان نابێت، هەرچیمان پێبکرێت درێغی ناکەین"
مامۆستایانی ئەو دوو گوندە بە خۆشحاڵییەوە باسیان لە کردنەوەی کتێبخانەکە کردو، ئەم جۆرە کارانەیان بە دەستپێشخەرییەکی باش زانی بۆ هۆشیارکردنەوەی گەنجانی گوندەکان.
شوان مەدحەت، وەکو مامۆستایەکی گوندی شۆڕاوە بە گرنگی زانی کە پەروەردە هانی قوتابخانەکان بدات بۆ کردنەوەی کتێبخانە وتی "پێویستە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە پشتگیری لایەنی مادی و مەعنەوی قوتابخانەکان بکات، بە تایبەتی گوندەکان"
گوندی شۆڕاوە، سەر بە ناحیەی تەکیەیەو، گوندی قەسرۆك سەر بە ناحیەی ئاغجەلەرە، شوێنی کتێبخانەکە لە ناو قوتابخانەی گوندەکاندایەو، لە لایەن مامۆستایانی قوتابخانەی هەردوو گوندەکەوە سەرپەرشتی دەکرێن.
نوری رەحیم، بەڕێوەبەری پەروەردەی چەمچەماڵ، وتی "ئێمە زۆر خۆشحاڵ دەبین کە بە کردنەوەی ئەم دوو کتێبخانەیە، ئەمە هەنگاوێکی باشە بۆ ئەوەی گوندەکانیش لە شار دوانەکەون"
بەڕێوەبەری پەروەردەی چەمچەماڵ ئەوەشی وت "ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتییەکەمان سوپاسی هاوکارییەکانی CSI دەکەین، هەر هاوکارییەکمان بۆ ئەو کتێبخانانە پێبکرێت درێغی ناکەین"
ئەو دوو گوندە ڕێژەیەکی باش لە گەنجی خوێندەواری تێدایەو، قوتابخانەکان تا پۆلەکانی نۆی بنەڕەتی تێدایە، ئەوان بە کردنەوەی کتێبخانە لە گوندەکانیان خۆشحاڵی زۆریان دەربڕی.
ئارام محەمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی شۆڕاوەی بنەڕەتی، بە سوپاسەوە هەوڵی ڕێکخراوی دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی بەرز نرخاند و، وتی "هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ پەیداکردنی سەرچاوەی زیاتر، تاوەکو کتێبخانەکەمان بکەینە سەرچاوەیەکی بەهێزی زانستی"



ڕێکخراوی دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی **CSI**، ڕێکخراوێکی ناحکومییەو، لە ساڵی ٢٠٠٤ وە لە کوردستان دامەزراوە، ئۆفیسی سەرەکی لە شاری سلێمانییەو، چەند ئۆفیسێکی لە شارۆچکەکانی تری کوردستان هەیە.

* ڕۆژنامەنووس و کارمەندی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

# بەشی مندالاّن لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی



ئا. کانی نوری*

**ساڵی١٩٩٧،لەماوەی بێ پارەیی و کەم توانایيدا، بەهاوکاری ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردوستان،توانرا تەنها هۆڵێك و ژوورێکی نیگارکێشان لەکتێبخانەی گشتی سلێمانی بۆ منداڵە چاو گەشەکان دابین بکرێت,لەودەمەوە،دەستە دەستە قوتابیان هاموشۆیان دەکردو دیمەنی ئەوان تێکەڵ بەتابلۆ ڕەنگاو ڕەنگەکان و بەرگی ئاڵ و والاّی نامیلکەو گۆڤارەکان دەبوو ،کەبەتایبەتی بۆ دنیا پڕ لەئەفسوونەکەی ئەوان بەرهەم هێنراوە.**

لەگەڵ سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەو بنیات نانەوەی کتێبخانەی سلێمانی دا، دوو هۆڵی پڕلە کەرەستەو چاپەمەنی بۆ مندالّە ژیرو چالاکەکان بەناوی(زێوەر)و(کاکەی فەللاح)ەوە دروستکران, یەکیان بۆ خوێندنەوەو ئەوی دی بۆ چالاکی هونەری و ڤیدیۆ, بەلاّم هەردوو هۆڵەکە دەکەونە نهۆمی سەرەوەو دەبێت مندالاّن سەربکەونە ئەوێ.
دیارە لەهەر جێگایەك کتێبخانەی مندلاّن دروستکرابێت, تەرخانە بۆ خۆیان و بەچەند بەشێکی پڕ لە کەرەستەوە پێشوازیی لە هەموو مندالاّن دەکات,کەزیرەکانە کاتەکانیان دەگوزەرێنن و باوك و دایکیان دەیانەوێت بێجگە لەقوتابخانە و خوێندنیان بەئارەزووی ترەوە گۆشبکرێن و گەورەبن، هەر بۆنموونە جاران لە بەغداد(کتێبخانەی منداڵی عەرەب)لەشا ڕێیەکی شاردا هەبوو، کەبێجگە لەهۆڵی خوێندنەوە چەند هۆڵێکی گەورەی تێدا بوو بۆ ئەنجامدانی چالاکی بەهرەمەندەکان و لەباخچەکانیشدا یاری جۆراو جۆر خرابوونە خزمەت بچووکەکانەوە بۆ ئەوکاتانەی دەستیان لە خوێندنەوە هەڵگرتبا.ئێستا لە شارو شارۆچکەکانی کوردستاندالەکاتێکدا حکومەتی هەرێم سەرقاڵی دروستکردنی چەندین کتێبخانەیە، کە دڵنیاین دەبنەدیارترین دامەزراوی پەروەردەیی و ڕوناکبیری، جێگای خۆیەتی بڕیار لەسەر دامەزراندن و دروستکردنی کتێبخانەی تایبەت بە منداڵ بدرێت و بۆ ئەوەش پرس وڕا بە پسپۆڕانی بواری کتێبخانەکان و چالاکییەکانی مندالاّن و نووسەرانی تایبەت بە ئەوان بکرێت،نەوەك بەشی مندالاّن تێکەڵ بە کتێبخانە گەورەکان بکرێت ،کە لە ئامانج و جۆری خوێندنەوەو هامشۆکردندا, زۆر لەیەکتر جودان[1].
لەکتێبخانەی گشتی سلێمانی ڕۆژی ١٩٩٨/٣/١٥ بەشێکی تازەی لەناو کتێبخانەکەیدا کردەوە بەناوی (بەشی خوێندنەوەی مندالاّن) بە هاوکاری منداڵپارێزی کوردستان و بەهەوڵی (وەزیری ڕۆشنبیری) مامۆستا جەمال عەبدول, لەو کاتەدا ژمارەیەکی کەم لە کتێب و گۆڤار بەزمانی کوردی و عەرەبی لەبەشەکەدا هەبوو،وردە وردە کتێبخانەکە بەهاوکاری هەندێ خێرخواز و بەهەوڵی بەڕێوەبەری کتێبخانە بەڕێز(یاسین قادر بەرزنجی)بە پشتیوانی دەزگاکانی چاپ لەوکاتەدا سەرچاوەی زۆری بۆ دابین کرا بە زمانی ئینگیزی و فارسی، جگە لەزمانەکانی کوردی و عەرەبی کە لەو ماوانەدا دەکەوتنەبەردەست هەندێك سەرچاوەش بەزمانەکانی ئەڵمانی و پۆڵۆنی و فەڕەنسی و تورکی و سویدی و نەرویجی[2].

**-گرفتی بەشی مندالاّن لە رووی چاپەمەنییەوە :**

١-بنەما سەرەکیەکانی خزمەت گوزاری کتێبخانەی مندالاّن بۆ دەستەبەرکردنی کتێبی تازەو گونجاو بۆ مندالاّن لاوازە .
٢- پیشتوانی کردن بۆ گەشە کردنی بەشەکە لەرووی پەیوەندی کردن بە دەزگاکانی دەرەوەی ولاّت و دەزگا بیانیەکانەوە بۆ چاپەمەنی وەك پێویست نیە ،تاکو بتوانرێت زۆرترین سەرچاوەی بیانی بهێنرێتە ناو کتێبخانەی مندالانی کورد تا سوود لەو سەرچاوانە وەربگرێت .
٣-نەبوونی بودجەیەکی تایبەت بۆ بەشەکە کە دەستی لێپرسراوی بەشەکە والاّ بکات لەبەردەم کڕینی سەرچاوەی نوێی هەمەچەشن, لە کاتی کردنەوەی پێشەنگاکانی کتێب بۆ فرۆشتنی سەرچاوە زانستییەکان جگە لەوەی زۆر جار لە ناو بازاریشدا کتێبی باش و بە سوود هەیە کە کتێبخانەی مندالاّن ناتوانێت دەستەبەریان بکات بۆ مندالاّن, بۆیە لەم ڕووە پێویست بە ئیش کردنە بۆ دابینکردنی ئەو بودجە تایبەتە کە بتوانن سوودی لێببینن بۆ بەشەکە[3].

---

١-ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٣٧٧١ ، ٢٠٠٥/٩/٩، گۆشەی (لەنزیکەوە)ی بەڕێز یاسین قادربەرزنجی.
٢-دیداری خاتو گولستان سەعید (لێپرسراوی بەشی مندالاّن لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی)ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/٤.
٣-دیداری خاتوو فەوزییە مەنمی چیرۆکنووس و کارمەندی بەشی مندالاّنی کتێبخانە لەڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٩.

* دبلۆمی کتێبخانەو زانیارییەکان

ئاسۆی کتێبخانە

AK

NO. 1 – 13/10/2009

بڵاوکراوەی تایبەتمەندی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

# دیارییەکی بەنرخ



بەدرێژایی دەیان ساڵی رابردوو، مامۆستا جەمال عەبدول دۆستێکی هەمیشەیی کتێبخانەی گشتی بووەو لەهەر پلەو پایەیەکدا بووبێت، پێشکەوتنی کتێبخانەکەی بەپێشکەوتنی یەکێك لە ئامانجە پیرۆزەکان زانیوە.

ئەوەتا بۆ رازاندنەوەی بلاوکراوەکەمان، بەدەستو پەنجەی هونەرمەندانەی لۆگۆی(ئاسۆی کتێبخانە)ی نەخشاند.

بەهیواین ژمارەکانی داهاتوو، بە بەرهەمی قەڵەمی بەنرخی بلاوکراوەکە بەسەر بکاتەوە.

ئاسۆی کتێبخانە

روانین

# چۆن پرۆسەی خوێندنەوە دەبێتە نەریت؟

خوێندنەوە یەکێکە لەپێگە هەرە بناغەییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگا و لەدووتوێی کتێبەوە ئەزموون قووڵ دەبێتەوەو فکر فراوان دەبێ ودیدی تاك بۆ دیاردەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان روونتر دەکاو لە ئەنجامیشدا کۆمەڵگایەکی تەندروست دەهێنێتەبەرهەم ، بۆیە دەبینین سیستمی کۆمەڵگا مەدەنیە پێشکەوتووەکانی جیهان ئەوەندە زانستیانە پلانیان بۆ ئەولایەنە دارشتووە کە نەوە دوای نەوە دەیپارێزن .

ئەگەر وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا بکەینە نموونە ،دەبینین لەکەمترین دەرفەتدا کتێبێك دەگرن بە دەستیانەوەو دەخوێننەوە ، لە چاوەڕوانی پاس یان شەمەندەفەردا ، لە چاوەڕوانی دکتۆر، لە ناو پاس و شەمەندەفەر و تەیارەدا، لەهەر دەرفەتێکدا کتێب و گۆڤار و رۆژنامە نزیکترین هاورێیانە، بۆیە زوربەی خەڵکی جانتایەکیان بە کۆڵەوەیەودەگمەنە ئەو جانتایە بەلایەنی کەمەوە کتێبێك یان گۆڤارێکی تیادا نەبێ . دیارە ئێستا کتێبی ئەلکترۆنیش شان بەشانی کتێبی چاپکراو بەشێك لە ژیانی تاکی ئەو کۆمەڵگایە پێك دەهێنن .

پرۆسەیەکی لەو شێوەیە کە خوێندنەوە ببێتە نەریت رەگی بە ناو خودی گۆمەڵگادا رۆچووبێ، هەر وا بە ئاسانی نەهاتووەتەئاراوە، بەڵکو کاری بۆ کراوەو بەردەوام کەرەسەو پێویستیەکانی بۆ فەراهەم دەکرێ و رۆژ بە رۆژ زیاتر گرنگی پێ دەدرێ ونەوەی نوێی پێ پەروەردە دەکرێ . هەر ئەوەندەی منال بگاتە ئەو تەمەنەی هەست بە دەوروبەری خۆی بکا لەگەڵ کتێبی تایبەتی تەمەنی خۆی ئاشنا دەبێ ، چونکە ئەندامانی خێزان وێنەکانی دەخەنە بەردەست و لەگەڵ ئەوەشدا بۆی دەخوێننەوە، بە تایبەت پێش خەوتنی وای رادەهێنن ، هەندێ جار ئەگەر کتێبی بۆ نەخوێنرێتەوە خەوی لێ ناکەوێ، پاشان دەچێتە باخچەی منالان ، بە هەمان شێوە کتێب دەبێتە بەشێك لە یاری و ئەوەندەی تر دنیا رەنگا و رەنگەکەیان قەشەنگ دەکا ، لە قوتابخانەش کتێب گرنگترین کەرەسەی فێرکردنەو هەر لەگەڵ فێربوونی خوێندنەوە دەکرێن بە گروپ و فێریان دەکەن پێکەوە لە پرۆژەی نووسیندا کار بکەن و بە دوای سەرچاوەدا بگەرێن و لە پۆلدا گفتوگۆی لەسەر بکەن ، ئیدی بەو شێوەیە ئاشنایەتی تاك لەگەڵ خوێندنەوەدا دەگاتە رادەی ئاوێتە بوون و هاورێیەتی بەردەوام .

دیارە ئەو سیستمەش کە بۆ پرۆسەکە دارێژراوە، هەموو پێداویستیەکانی بۆ ئامادەکراوەو بەردەوام کاری لەسەر دەکرێ ، بۆیە دەبینین لە هەر ماڵێکدا کتێبخانەهەیە ، لە هەر باخچەی منالان و قوتابخانەو زانکۆ وکەنیسە و خەستەخانەو زیندانێکدا کتێبخانە هەیە ، هیچ شار و شارۆچکە و گوندێك نابینرێ کتێبخانەیەکی گشت (بەسیستمی نوێ) تیا نەبێ ، کەم کەس هەن لە ژوور سەریان و لەسەر چرپایەی خەوتنیان کتێبیان دانەنابێ و پێش خەوتن لێی نەخوێننەوە، کەم ماڵ هەیە بەیانیان زوو رۆژنامەی ئەو رۆژەیان پێ نەگا و بەدەم بەر چایی بەیانیانەوە لێی نەخوێننەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین پرۆسەی خوێندنەوە لە کۆمەڵگای تەندروست و پێشکەوتوودا دەبێتە نەریت .

ئەنوەر قادر رشید

# حەفتاو هەشت بەشدار لە هەشتەمین پێشانگەی منداڵ وهونەردا





ئا. تابان

رۆژی ٢٠٠٩/٩/٦ لەبەشی چالاکی هونەری منداڵان لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی لە هەشتەمین پیشانگەی منداڵ و هونەر بەبەشداری ٧٨منداڵی بە شداروکەسوکاریان و کارمەندانی کتێبخانەکرایەوەو پاشانیش بروانامەی رێزلێنان بەخشرایەمنداڵە بەشداربووەکان .

هەڵبەتەهۆڵی نیگار کێشان کەبەشی چالاکی منداڵانە

بەناوی هۆڵی (کاکەی فەللاح) لەکتێبخانەی گشتی سلێمانی لەئازاری ساڵی ١٩٩٨دالەلایەن رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستانەوە دامەزراوتەواوی پێداویستییەکانی تائێستا لەهەمان رێخراو دابین دەکرێت ،لەبارەی پێشانگەکەشەوە هونەرمەند خاتووبلێسە مستەفا کەلێپرسراوی بەشەکەیە وسەرپەرشتیاری پێشانگە کەیە ووتی: لەساڵی دامەزراندنیەوە سەرپەرشتی ئەم بەشە دەکەم کاری سەرەکی چالاکیە کانمان خولی وێنە کێشان و کاری دەستی و پەیکەرسازی و سیرامیکی تێدا ئەنجام دەدرێت رۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان بەردەوام لەم خولەدا بەشدارن وسەردانمان دەکەن ساڵانەکۆی کارەکان پیشانگەی تایبەتی بۆ منداڵەکان بەناوی( منداڵ وهونەر) دەکرێتەوە.

هەرلەسەرەتاوە بەگوروتین وخۆشەویستیەکی تایبەتەوە لەگەڵ منداڵدا فێری وێنە کێشان و هەنگاوەکانی سەرەتای چونەنێودنیای هونەرمان کردوون سەرەتا منداڵان کە دێنە نێو هۆڵەکەوە دەگۆرێنە ئاستێکی هونەری پڕ،منداڵانی بەشدار بوو ی ئەمساڵ بە٣٤٣تابلۆ و کۆمەڵێکی زۆر لەکاری دەستی بەکاغەزی رەنگاو رەنگ و کارتۆن و قوری پیشەیی چەندکارێکی پەیکەروسیرامیکمان کردبوو وەبە دووتابلۆی گەورە کە کارێکی بەکۆمەڵ بوون ،وەبە چەند شێوازێکی جۆراو جۆرو تازەگەری کار دەکەین وانەی تایبەتی لەسەر ڕەنگەکان بە پاستیل و بۆیەی ئاوی و قەڵەمی رەنگاو رەنگ وقەڵەم رەساس ومادەی گواش و پۆستەر دەخوێنین ،وانەیەکی تایبەتی کە دووساڵە لە خولەکەدا گرنگی پێدەدەین ،کە ئەویش ٥٢ پرسیاری لۆجیکی و فەلسەفی وکۆمەلایەتیە بەناوی بپرسە،بنوسە وێنەی بکێشە ،منداڵان وێنە کەیان دەکێشاو لە سەر وێنەکەیان دەنوسی، لە درێژەی قسەکانیدا هونەرمەند خاتوو بلێسە مستەفا ووتی: وانەی تایبەت لەسەر فۆرمە جیاوازەکان وە تاریکی و روناکیو دوورو نزیك و ستیلایف و ئاژەڵەکان وباڵندەکان ومرۆڤ دەخوێنین ،بەوشێوەیە مندلاًن کاری هونەری خۆیان دەهەێننە بەرهەم لەهەست و ئارەزوو خواستی منداڵی خۆیانەوە وێنە کانیان پیشان دەدەن ،تابلۆکانیان پرە لەترپەی دڵی کوکوختی ولێوانە لەهەناسەی پەپولەو رۆدەچنە نیوقولایی دەریاکانەوە بەماسی و ئەستێرەی دەریاکان بە رەنگە کراوە تێرە کانیان ،باوەرم وایە کە ،ساڵانە وێنەکانیان لە جیهانی هەست دەربرین و هونەری لەجوانییدا بی وینەیە ،زور جار دەڵێم لەوە جوانترو رازاوەتر نیە ،ئەم بەرهەمانە شایەنی ئەوەن کە،ساڵانە کتێبخانە رێز یان لێدەگرێت و ئەو منداڵانە خەڵات دەکرێن تاوەکوو هەست بەوە بکەن کە کارە کانیان بە هەند وەرگیراوە ،جاوەرێی ئەوە دەکەن زیاتر کاتیان بدرێتێ ،کە هەستی خۆیان دەربرن وگەورەبن شایەنی باسە ئەوەی کە ،دەیبینم لەنیو تابلۆ کانباندا هەستی راستی لای منداڵان پێوستیان بە ئاسودەیی هەیە.

# سەردەم.. دەزگایەك بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی



راستی

دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، هەر لەکاتی دامەزراندنییەوە لەساڵی ١٩٩٨ تا دەگاتە ئەمڕۆ یەکێکە لەو دەزگایانەی بەردەوام لەکۆششی بەرچاودایە بۆ دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردی.

ئەم دەزگایە، وێڕای ئەوەی لەتەمەنی پڕ لەبەخششیدا ٥١٢ کتێبی جۆراو جۆری پێشکەش بەخوێنەرانی کوردو عەرەب کردووە، بەچەند گۆڤارێکی بەنرخیش توانیویەتی کاروانی رۆژنامەوانی بەرەو پێشتر ببات، گەواهی ئەم بۆچوونەش هەریەك لەگۆڤارەکانی (سەردەم، ئایندە، زانستی سەردەم، سەردەمی عەرەبی)و بڵاوکراوەی ناوازەی (رۆڤار)ە.

هەر ئەمساڵ (سەردەم) ٤٠ چاپکراوی بەنرخی پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی کردووەو ئەوانیش بریتین لەکایەکانی: (ئەدەب، شانۆ، سیاسەت، مێژوو، فەلسەفە، هزرو مەعریفەو هونەر).

شایانی باسە دەزگای سەردەم بەشێوەیەکی بەردەوام کۆمەکی کتێبخانە گشتییەکان دەکاتو سەرجەم چاپکراوەکانی بەدیاری دەنێرێت بۆیان.

سەرنووسەر: یاسین قادر بەرزنجی

راوێژکاران: ئاری بابان، شێرزاد سەعید محەمەد

ستافی کارا: تابان حەسەن، بوار نورەدین، ساکار عەلی عەبدوڵلا

نەخشەساز: مەهدی ئەحمەد

تایپو هەڵەبری: بەیان عەلی، بەهرە عیزەدین

سەرپەرشتیاری چاپ: ئەکرەم ئەحمەد

ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، کتێبخانەی گشتیی
Tel: 3122716
Email: asoyktebkhana@yahoo.com